* ناسنامە، تواناکانی بوونی مرۆڤ
* عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

**ڕێگە پڕۆژەیەکی فکری و ڕەخنەییە،بەهاوبەشی لەگەڵ دەزگای ڕۆسا، سەد نامیلکە بڵاو دەکاتەوە**

* ناوی کتێب: ناسنامە، تواناکانی بوونی مرۆڤ
* نووسەر: عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا
* تایپ: نووسەر
* هەڵەبڕ: زەهرا مەدەنی
* دیزاینی ناوەوە: دەزگای ڕۆسا
* بەرگ: دەزگای ڕۆسا
* چاپ: یەکەم 2021
* چاپخانە:
* نرخ: 2000
* لەبەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان ژمارەی سپاردنی (250)ی ساڵی (2021)ی پێدراوە.
* هەموو مافێکی پارێزراوە بۆ دەزگای ڕۆسا
لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆسا، ژمارە (110)

ناونیشان

هەولێر- شەقامی هەولێر – کەرکوك – بەرانبەر ئوتێل چوارچرا و بەڕێوەبەرایەتی شوێنەواری هەولێر

Mobile: 07507121181
E-mail: dazgairosa@gmail.com
www.facebook.com\DazgaiRosa

# ناسنامە،

# تواناکانی بوونی مرۆڤ

## عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

هەولێر 2021

## ناسنامە(Identity )، تواناکانی بوونی مرۆڤ

مرۆڤی سەرەتایی، مرۆڤی پێش داهێنانی نووسین (3200 پ. ز)، مرۆڤێکی عاقڵ) هۆمۆ سبتبین (Homo sapiens)بوو. ئەو پێناسەیە بە بەراورد بە مرۆڤی نوێ) هۆمۆ سابینز سابینز (Homo sapiens sapiens)لە رووی عەقڵەوە جیاوازییان نییە، مێشکی مرۆڤی پێگەییوو نزیکەی (1400) گرامە و نزیکەی تریلیۆنێك خانە دەماری تێدایە، وەك تۆرەکانی راگەیاندن بەنێو یەکداچوونە و کاری پێویستی خۆیان بەڕێوە دەبەن... من نامەوێ پرسیاری "عەقڵ زەمانییە یان مەکانییە؟" مێشك ناوەندیاری عەقڵ و هەستە و ئەوانیدیکە... دووبارە بکەمەوە. گرنگ ئەوەیە مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاڵۆزە لە رێگای بیرکردنەوە و عەقڵ و ئەزموونەوە، لە دنیای دەرەوە و ئەوی دیکە نزیك دەبێتەوە...

(1)

بەشێك لە ئاڵۆزییەکانی مرۆڤ بە مەرجی خودگەرایی (کەسایەتی، سوبێکت، تاکگەرایی، ئیگۆ)

دیاری دەکرێت و دەکەوێتە نێو مێژوو (زەمان)ەوە. ئەو دیاریکردنەی مرۆڤ، بەو مانایە دێت، کە بوونی مرۆڤ ملکەچی کۆمەڵێك مەرجی پێویست دەبێت، وەك چۆن تایبەتمەندی خۆی هەیە... بەو مانایەش مرۆڤ نوێنەرایەتی تواناکانی دەستپێشخەریکردن و دوورکەوتنەوە و ئاگایی دەکات، واتە بەپێی تێکەڵاوبوونی ئازادانەی لەگەڵ ئەوی دیکە و دەوروبەر، خۆی دەنوێنێ، کەواتە بوونی مرۆیی لە دوو گۆشەنیگاوە دیاری دەکرێت: یەکەم، بابەتگەرایی، واتە کۆمەڵێك سنوور، کە بارودۆخی بنەرەتی مرۆڤ (مرۆڤی گەردوونی) دیاری دەکەن و دەیخەنە دووتوێی پێداویستییەکانی دنیا و حەتمییەتی دنیاوە. دووەم، خودگەرایی بەو مانایەی مرۆڤ تاکێکە، بەو مانایەی خاوەنی شیانی تایبەت بە خۆیەتی و لەوێوە بریاری قبوڵکردن و رەتکردنەوە دەدات، بەو مانایەی ئامادەیە پێوەندی لەگەڵ ئەوی دیکە و دەوروبەری، بوونی خۆی دروست بکات.

هەموو ئەوانە بەتەنیابوونی مرۆڤ دیاری ناکەن، بەڵکو بوونی مرۆڤ دەکەوێتە نێو مێژوو (زەمان)ەوە، کەواتە هەموو ئەو گۆڕانکاریانەی لە هەبوونی دنیاوە روو دەدەن، کاریگەریان بەسەر بوونی مرۆڤەوە هەیە، ئەوەش نوێنەرایەتی سێ رەهەندی چەمکی

(کەسایەتی و ئەوی دیکە و مێژوو) دەکات... ڕەهەندی کەسایەتی، دەلالەت لە سنورەکانی توانا و ئاگایی و خودگەرایی مرۆڤ دەکات، ڕەهەندی تێکەڵاوبوون بە ئەوی دیکە و پێوەندی دروستکردن لەگەڵ ئەوی دیکە و دەوروبەر، مۆرکی مرۆڤایەتی دیاری دەکات، ڕەهەندی مێژوو بەو مانایە دێت، کە مرۆڤ درێژکراوەی مێژووە و سەر بە هەبوونگەرایی و ئەزموون و زەمەنی خۆیەتی... مێژوو بە درێژایی بوونی، کۆمەڵێك پرسیار ڕووبەڕووی مرۆڤ دەکاتەوە، ئایا مرۆڤ ستاتیکە یان دینامیك، دەکەوێتە ژێر پێداویستییەکان یان ئازادە، دەتوانێ دوور لە پێوەندیکردن بە ئەوی دیکەوە بژی، ئایا لە نێوان دوێنێ و ئەمڕۆ هیچ پێوەندییەك هەیە..

(2)

هەموو ئەو گۆڕانکارییە مرۆییانەی لە دوێنێدا هاتنە ئاراوە، لە لایەك سنورەکانی توانا و ئاگایی مرۆڤیان پێ دیاری دەکرێت و دەلالەت لە دروستکردنی پێوەندی مرۆڤ لەگەڵ ئەوی دیکە و دەوروبەر دەکات، لە لایەکی دیکە پێوەندی بە هەبوون و توانا و بڕیاری مرۆڤەوە هەیە... بۆ نموونە (مەسیح) هات تەواوی یەقینی یەهودی خستە ژێر

پرسیارەوە، چونکە بانگەشەکەی هەموو مرۆڤایەتی گرتەوە، بەڵام دواتر ئەو بانگەشەیە رووبەکی دیکەی ئایدۆلۆژی ئایینی لەخۆ گرت، بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی جیهانی. بەم جۆرە ئەگەر پێشتر قسە ئەوە بێت، مرۆڤایەتی لە پێناو کەنیسەوە هاتبێتە دنیاوە، ئەوە دوای ئەوەی ئەوروپا وەك خودێکی بکەر و زاڵ و داهێنەر خۆی سەپاند، ئەو قسەیە گۆڕا و مانایەکی دیکەی لەخۆ گرت، ئەو مانایەی سێنترالیزمی ئەوروپی بەرزی کردەوە: مرۆڤایەتی لە پێناو ئەوروپادا هاتۆتە دنیاوە. ئەوروپا تەواوی ئەوی دیکەی داگیر کرد و ویستی داهاتووی رابردووی خۆی لە رۆحی ئیمپراتۆرییەتی رۆمانی کۆن پراکتیزە بکات، بۆ ئەوەی لە رێگای ((داهاتووی رابردوو)) دەست بەسەر تەواوی دنیادا بگرێت.

دوای رێنیسانسی ئەوروپی ئەو فیکرەیە گۆڕا بۆ فیکرەی دەوڵەتی ناسیۆنالی، ئەو گۆڕانەش رێگای لەبەردەم جیاکردنەوەی کەنیسە و دەوڵەت خۆش کرد، لە لایەکی دیکە فەلسەفە و مێژوو، شوێنی ئایدیۆلۆژی پاپایان گرتەوە... خودی گوتاری فەلسەفی، گوتاری ئایینی بەتاڵ کرد و دنیابینی هاتە ئاراوە، دنیای ئایینەکانی خستە دواوە.

(3)

بەرەوپێشچوونی دنیابینی واتای بەرەوپێشچوونی مرۆڤ لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەك مرۆڤناسی، زمانناسی، زانستی کرۆمۆسۆمەکان و ...، هەموو ئەوانەش کۆمەڵێك پرسیاری تێکئاڵاو بەرانبەر سرووشتی مرۆڤ دروست دەکەن. سرووشتی مرۆڤ و جەوهەری مرۆڤ، کۆمەڵێك زاراوەن بەرانبەر (بوون)ی مرۆڤ. بەو مانایەش من لە هەموو ئەو شتانەی مرۆڤ وەك هەبوو، وەك شتێکی واقیعی، وەك شتێکی ئامادە، تەماشا دەکات، دوور دەکەومەوە، چونکە (توانای بوون) دەکەوێتە سەرووی واقیع و جەوهەر و ئامادەییەوە، توانای بوون تەنیا تواناکانی بوونی مرۆڤ دەگرێتەوە ...

تواناکانی بوونی مرۆڤ لە ڕێگای داهێنانەوە پێوانە دەکرێت، نەك لە ڕێگای چەمکی ناسنامەوە، بەڵام وەك چۆن داهێنان بەشێك لە ئاڵۆزییەکانی مرۆڤ دەنوێنێ، ناسنامەش بەشێك لەو ئاڵۆزییانەی بوونی مرۆڤی لەخۆ گرتووە... کەواتە تواناکانی بوونی مرۆڤ کۆی ئەو گۆڕانکاری و گواستنەوانە بە ڕێژەیەکی جیاواز دەنوێنێ. بە دیوەکەی دیکە ئاڵۆزییەکانی چەمکی ناسنامە و چەمکی خودگەرایی نزیکن لە یەکتر... چەمکی خودگەرایی و چەمکی

ناسنامەی تاکگەرا و ناسنامەی کۆمەڵایەتی و ناسنامەی رۆشنبیری... لەگەڵ توێژەری ئەڵمانی )ئەریك ئەریکسۆن (Eric-Erikson) شێوەیەکی رێکوپێك و میتۆدگەرایی وەرگرت، بەتایبەتی چەمکی ناسنامەی تاکگەرا و کۆمەڵایەتی...

چەمکی ناسنامە لەگەڵ کۆمەڵێك چەمك دەردەکەوێت، وەك رۆشنبیری و سیاسەت و زانستی دەروونی و لۆجیك و کۆمەڵناسی و هتد، هەندێ جاریش هەموو ئەوانە وشەکە ئاڵۆز دەکەن! وشەی ناسنامە وەك وشەی خود دەخوێنرێتەوە، بە مانای حەقیقەتی خود و جیاوازییەکانی، یان جەوهەر و چییەتی، یان راستی رەها... بەڵام وشەی ناسنامە لەگەڵ وشەی تایبەتمەندی بەیەکدادەچێ! چەمکی تایبەتمەندی راستەوخۆ بوونی رەفتاری جۆراوجۆر و پەرچەکردار و بەرگری و رەگەز و رەنگ و... لەخۆ دەگرێت .

ناسنامە وەك وشەیەکی رووت بۆ بنەچەی فیکری سەرەتا و فەیلەسوفانی پێش سوکرات و بارمیندس، هیراکلیتس دەگەرێتەوە... بارمیندس قسەی تایبەتی خۆی لە بارەی بوون کردووە و هیراکلیتس قسەی زۆری لە بارەی نێودژی کردووە، هەردووکیان لە بارەی خود و ئەوی دیکە جیاوازن. لای بارمیندس

بیرکردنەوە لە گۆڕانی شتێك بۆ شتێکی دیکە قورسە، پرسیاری ئەوە دەکات: ئەگەر (ئەلف) لەسەر خۆی نەوەستێ، ئایا دەشێ هەر بە (ئەلف) بمێنێتەوە؟ ئەو قسەیە تەواو لەگەڵ هیراکڵیتس جیاوازە، چونکە لای هیراکڵیتس هەموو شتێك لە جوڵەی بەردەوامدایە. ئێمە ناتوانین دووجار مەلە لە هەمان ئاوی رووباردا بکەین، کەواتە شتەکان لە گۆڕانی بەردەوامدان.

گۆڕان و ئیشکالەتەکانی ئەمڕۆی چەمکی ناسنامە وەك ئەوەی ئێستا لە زانستە مرۆییەکان و کۆمەڵایەتییەکان قسەیان لە بارەوە دەکرێ، لە بنەرەتدا بۆ کەلەپوری میتافیزیکی ناگەرێتەوە، بەڵکو بۆ کۆی گۆڕانکارییەکانی دنیای ئەمڕۆ دەگەرێتەوە! چۆن دەشێ لەنێو زەماندا بیر لە (من) بکەیتەوە؟ ئایا (من) هەمان ئەو کەسەم پێش (20) ساڵ هەبووم؟ (من) هەموو ئەو گۆڕانکاری و قۆناغانەم دێتەوە یاد، کە ئاگایی و هەستی منی پێدا تێپەریووە... ئەگەر لە رێگای جەختکردنەوە لە تاکگەرایی قسە لە ناسنامەی تاك بکەین، دەکەوینە بەر کۆمەڵێك وردەکاری تایبەت بە فەلسەفەوە، بەڵام بە نسبەت بیروڕای گشتی، بەڵی (من) هەمان کەسی پێش بیست ساڵەم! پرسیارێکی دیکە ئەوەیە ئایا

مرۆڤ لە کاتی لەدەستدانی یادەوەری، شیزۆفرینیا و لە کاتی نوستنندا خاوەنی (من)ە، یان هەڵگری (من)ی خەیاڵکراوە؟

(4)

لە فیکری مۆدێرندا چەمکی کەسایەتی لەگەڵ (دیکارت 1596-1650) بوو بە چەمکێکی سێنتراڵ، کەسایەتی مرۆڤ بە کردەی بیرکردنەوە و لێوردبوونەوەی جیاوازی (گومان، دڵنیایی، رەتکردنەوە، خەیاڵکردن...) دیاری دەکرا. چەمکی کەسایەتی لەگەڵ (کانت 1724-1804) وەك جەوهەری ئەخلاق تەماشا دەکرا، بەو مانایەش مرۆڤ هەر تەنها بوونەوەرێکی عاقڵ نییە، بەڵکو کەسێکی ئەخلاقییە! جیاوازی کانت لەگەڵ دیکارت ئەوەیە، کانت مرۆڤ وەك ئامانجی خۆی دەبینێ، نەك وەك ئامرازی بیرکردنەوە یان بابەتی لێوردبوونەوە ...

بە دیوەکەی دیکە ئەوەی ناسنامەی کەسایەتی دیاری دەکات، سرووشت و یادەوەرییە. سرووشت، جیاوازی رەفتار و پێوەندی بە ئەوی دیکە و دنیا و جیاوازی کەسایەتی دیاری دەکات... یادەوەری، حاڵەتە دەروونییە گۆراو و تازەکان... هەموو ئەو

حاڵەتە دەروونیانەش زنجیرەیەك یادەوەری کەڵەکەکراو پێکەوە دەلکێنن. سرووشت و یادەوەری پێکەوە پارێزگاری لە میکانیزمی کەسایەتی و ناسنامەی کەسایەتی دەکەن... عەقڵ و ئاگایی و یادەوەری وەك بنەمای ناسنامە، لای (شوبنهاوەر) تەواو جیاوازە، چونکە شوبنهاوەر پێیوایە عەقڵی ئەبستراکت شوێنکەوتووی ویستە، ویستیش بە ویستی ژیان وەسف دەکات و وەك هێزێکی هەژموونگەرا بە بنەمای ناسنامەی دەچوێنێ .

هێزی هەژموونگەرایی ناسنامەی نیشتمانی و ناسیونالی کۆمەڵێك خەسڵەت و سیمای رۆشنبیری گشتی و هاوبەشی گەل و نەتەوەیەکی دیاریکراو دەنوێنێ، بەڵام ناسنامەی تاکگەرا کۆمەڵێك خەسڵەتی جەستەیی ئەبستراکتی هەیە... بەو مانایەش رۆشنبیری نیشتمانی و نەتەوەیی دەکەوێتە بەرانبەر پەنجەمۆری تاك، وەك چۆن دەشێ لەگەڵ یەکتر هارمۆنی بکەونەوە، جیاوازیشن. کەواتە ناسنامە وەك ئەوەی بونیادی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی جیاواز دیاری دەکات، هەڵگری واقیعێکی بابەتگەرایە، بەڵام خودی خەیاڵکەریش رۆڵی تێدا دەبینێ. ناسنامەی نیشتمانی و ناسیونالی جێگرە (تایبەتمەندی زمان، ئایین، مێژوو، نیشتمان...)

ناسنامەی تاکگەرا گۆڕاوە، کۆی ئەو هەست و خەسڵەتە گۆڕاو و ئەبستراکتانە دەگرێتەوە کە دەکەونە چوارچێوەی تاکگەراییەوە. ئەوەی ناسنامەی رۆشنبیری جیا دەکاتەوە ئازادییە، ئەوەی ناسنامەی تاکگەرا جیا دەکاتەوە تایبەتمەندییە.

هەولێر ٢٠١٧/٧/٢٥

## پرسی ناسنامە

وشەی ناسنامە وشەیەکی ئاوێتەیە، لە زمانەوانیدا بە مانای ناسینەوە دێت، کەسی ناسراو جیاوازی خۆی لە ڕێگای ئەو نامەیە لەگەڵ ئەوی دیکە دەنوێنێ، نامەی ناسین دەکەوێتە ژێر بەهای نەتەوەیی و بیر و ئایین و ڕەگەز و دابونەریت و کلتوور و ویست و فۆڕمی ڕەفتارکردنی تاك و...

چەمکی ناسنامە گوزارشت لەو حەقیقەتە هاوبەش و هاوگونجاو و بەیەکچووە دەکات، کە کەسێك، کۆمەڵێك، نەتەوەیەك، هەرێمێك، کیشوەرێك... لە ئەوی دیکە جیا دەکاتەوە، ئەوەش مەرج نییە پێوەندی بە بەهای چەسپاو یان پیرۆزەوە هەبێت، ئەگەرچی ناتوانین ئەو بەها جێگیر و پیرۆزانە ڕەتبکەینەوە، بەڵام مەرج نییە وەك کرۆك و ڕۆحی ناسنامە چاو لێبکرێن! مەبەستم ئەوەیە کە ناسنامە لە هاوژیانی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا بەردەوام لە حاڵەتی تازەکردنەوە و گۆڕانکاری و کارلێککردندایە... دەمێکە (جۆن لوك) هەموو تێگەیشتنێکی تیۆکراتی لەسەر ناسنامە خستۆتە لاوە. لە کۆی ئەو قسانەدا دەمەوێ بڵێم مرۆڤ بوونەوەرێکی عەقڵانییە و کۆمەڵێك توانای لەبننەهاتووی تێدایە، توانای دەستنیشانکردنی

ناسنامەی تایبەتی و خودی هەیە، کە دەتوانێت تەواو لە ویست و دەسەڵاتی مێژوویی و ستەمی دابونەریتەکان ئازاد بێت، وەك چۆن توانای دەستنیشانکردنی ناسنامەی بابەتی و کۆمەڵایەتی هەیە. لێرەدا مرۆڤ تەوەرەی سەرەکی هەموو شتەکانە، لەبەر ئەوەی مرۆڤ تەوەرەی سەرەکییە، بۆیە هەرگیز ناتوانین بە هیچ شێوەیەك رەهەندە جیاوازەکان لە ناسنامە بکەینەوە، کەواتە ناسنامە چەسپاو نییە !

(عەدنان مەجید محەمەد) ماستەر لە زانستە سیاسییەکان و پسپۆڕە لە سیستمی سیاسی پەروەردەی مەدەنی، لە گوتاری (ئەرگیۆمێنتی ناسنامە لە نێوان گۆراو و نەگۆراو)دا قسە لە دوو فۆڕم لە ناسنامە دەکات، یەکەم: ناسنامەی خودی، کە تایبەتە بە هزر و کلتوور و ئینتمای تاك بۆ بازنەیەکی دیاریکراوی کلتووری و مێژوویی. دووەم: ناسنامەی تاك وەك هاووڵاتی، یان وەك بوونەوەرێکی سیاسی، کە لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی دیاریکراودا دەژیت و لە چوارچێوەی دامەزراوە و یاسا جێگیرەکانی کۆمەڵگادا پراکتیزەی کارەکانی خۆی دەکات و ماف و ئەرك و بەرپرسیاری تاك دیاری

کراوە و چارەنووسی ژیانی تاك تێیدا بە شێوەیەکی تایبەت پارێزراوە.

ئەو دوو ناسنامەیەی تاك، بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ یەك دژ ناکەونەوە، بەڵکو تەواوکەری یەکترین و پاراستنی بەرژەوەندی گشتی وەك ئامانج دەبینن، بەتایبەت لە سیستمی دیموکراسیدا، کە بازنەی ئازادی و تاکگەرایی فراوانە و بە شێوەیەکی سەربەخۆ تێیدا بانگەشەی پێکەوەژیان و فرەکلتووری و ئایینی و مێژوویی دەکرێت، بە دیوەکەی دیکە تاك گوزارشت لە تایبەتمەندییەکان و بیر و بۆچوون و ناسنامە و کلتووری دیاریکراوی خۆی دەکات .

بەڵام لە سیستمی تۆتالیتاریدا هەمیشە جەخت لەسەر لایەنە چەسپاوەکانی ناسنامە دەکرێتەوە و توانای گۆڕانکاری لە ناسنامەدا ئەستەمە، لە سیستمی دیموکراسیدا هەمیشە جەخت لەسەر توانای خۆگونجان و رەهەندە جیاوازەکانی ناسنامە دەکرێتەوە، سیستمی دیموکراسی بە زیندوویێتی کۆمەڵگا و تازەکردنەوە و گەشەکردنی رۆحی هاوولاتیبوون لە قەڵەم دەدرێت، بەڵام سیستمی تۆتالیتاری ئازادی و رۆحی هاوولاتیبوون دەکوژێ.

هەندێك پێیان وایە پچرانی پێوەندی یاسایی و سیاسی نێوان کەس و دەوڵەت وێنەیەك لە وێنەکانی مردنی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات، بە دیوەکەی دیکەش دەوڵەت ئەگەر نەتوانێ پێناسەیەکی مۆدێرن بە هاووڵاتیانی ببەخشێ، هەرگیز وەك سیستمێکی دیموکراسی دانی پێدا نانرێت. جگە لە مافی مرۆڤ، حەزی تاك، ئەوە ستەمی دەوڵەتە تۆتالیتارییەکانە کۆچ و کۆچکردنیان تا ئەو ئاستە بەرزکردۆتەوە، ئەوە لە دەوڵەتە تۆتالیتارییەکانە فۆڕمی رەفتارکردنی تاك و ئازادی تاك و رۆحی هاوڵاتیبوون بێ بایەخ دەکرێ.

ئەوەی لە مەسەلەی ناسنامەدا پێویستە لەبەرچاوی بگرین، ئەوەیە کە هەموو مرۆڤێك کۆمەڵێك ناسنامەی هەیە، هەر لە ناوەوە دەست پێدەکات هەتا بە بیرکردنەوە دەگات، بەرژەوەندی تایبەت و هەستەکان و پێوەندی جۆراوجۆر و کار و رەگەز و... هەموو ئەو ناسنامانەش بەپێی گۆڕانی بارودۆخ و بەرەوپێشچوون ... گۆڕانکارییان بەسەردا دێت. بەڵام (ئەمین مەعلوف) لە کتێبی (ناسنامە بکوژەکان)دا پێی وایە دەشێ هەموو ئەوانەی لەسەرەوە ناویان هاتووە، بە رەگەزەکانی

ناسنامەیان دابنێین و لە تاکە ناسنامەیەکدا کۆیان بکەینەوە.

هەمیشە ناسنامە پێویستە شانازی بە خۆگونجان و جیاوازی و رۆحی هاووڵاتیبوون و تازەکردنەوە و بەها مرۆییەکانی بکات. بەڵام (سامۆییل هنتگتۆن) لەبارەی خۆرهەڵات و خۆرئاواوە پێی وایە خۆرئاوا هەر لە دێر زەمانەوە و هەتا ئێستاش تاکە نوێنەری بەهاکانی لێکبوردن بووە، سەرەرای ئەوەی خاوەنی بیرۆکەی دیموکراسییەتە... من ئەو نموونەیەم بۆ بەرچاو روونی هێناوەتەوە، ئەگینا ئەو بیروڕایانەی هنتگتۆن کۆمەڵێك رەخنە و بەدواداچوونی جیاوازی بە دوای خۆیدا هێناوە، لەو سۆنگەیەوە کە پشتکردنە لە کەلەپوری جیهانی و تاکی داهێنەر... هەموو ئەو لێکۆڵینەوە سوسیۆلۆجیایانە ئەوە دەسەلمێنن، کە هەر گەل و کۆمەڵە یان نەتەوەیەك رەهەندی جیاوازی کۆمەڵایەتی و دەروونی و مێژوویی و ژیان و داهێنانی تایبەتی خۆی هەیە. پێشکەوتنی دنیا بەرهەمی کۆی داهێنانە مرۆییەکانە و کۆی کۆمەڵگا جیاوازەکانی سەر گۆی زەوی تێیدا بەشدارن، ناتوانین هەموو پێشکەوتنەکان بە شارستانی خۆرئاوایی پێوەست بکەین، هەموو دواکەوتنەکان بە کۆمەڵگای خۆرهەڵاتییەوە ببەستینەوە...

ناسنامە بەردەوام لە گۆڕاندایە، بە دیوەکەی دیکەش پێویستە لە هەوڵی پێکهێنانی بەردەوامی ناسنامە دابین، چونکە گوزارشتکردنی مرۆڤە لە بوون و هەڵوێست و پێشکەوتنە یەك بەدوا یەکەکانی و بەپێی فاکتە ناوەکی و دەرەکییەکانی دەگۆڕێت. بەردەوام تاك و کۆ دەرك بە بایەخی ناسنامە دەکەن و توانای دیاریکردنیان هەیە و دەتوانن لەگەڵ پێدراوە ژیاری و بەخششەکانی تازەی سەردەم بیگونجێنن، بەڵام پشتگوێخستنی ناسنامە، یان توانەوە لە ناسنامەی ئەوی دیکە بەقەد جێگیربوونی ناسنامە ترسناکە، ئەگەر یەکەمیان دنیا بە شێوە حەقیقییەکەی رەت بکاتەوە، گۆڕانکاری و جیاوازییەکان پشتگوێ بخات، ئەوە دووەمیان هەموو پێشکەوتنێك لەسەر ئاستی ماددی و کۆمەڵایەتی بە هەرەشە بۆ سەر خۆی دەزانێت، بە کورتی ناسنامەی جێگیر هەر تەنها ملکەچکردن نییە بۆ بارودۆخی جۆراوجۆری ئەوی دیکە، بەڵکو پشتگوێخستنیش دەگەیەنێت .

لێرەوە ئەگەر قسە لە ناسنامەی کوردی بکەین، هیچ پرۆژەیەك بۆ گەشەکردن و پەرەپێدانی نابینین، ئەوەش پێوەندی نێوان تاك و دەوڵەت لە لێواری مردن نزیك دەکاتەوە، لە لایەکی دیکە ناسنامەی

کوردی چ وەك چەسپاو چ وەك گۆڕاو، چ وەك ناسنامەی خودی، چ وەك تاکی هاووڵاتی، روون و دیار نییە، بەڵکو لە نێوان پارچەکانی باکور و باشور و رۆژهەڵات و رۆژئاوادا کۆمەڵێك گیروگرفتی تایبەت بە خۆی هەیە و هیچ رێککەوتنێکی جەوهەری لە نێوان پارچەکانی کوردستاندا بوونی نییە، وەك چۆن هیچ یەکێتییەکی نیشتمانی پیرۆز و چەسپاو بوونی نییە، کەواتە ناسنامەی کوردی گوزارشت لە واقیعی هەنووکەیی پارچەپارچەبوونی کوردی دەکات، لەگەڵ پێدراوە کلتووری و سیاسی و یاساییەکانی هەر پارچەیەك دێتەوە، بەو مانایەش ناسنامەی کوردی پارچە پارچەیە و رەنگدانەوەی بارودۆخی سیاسی پارچە جیاوازەکانە. ناسنامەی تاکی کوردی لە پارچەی رۆژهەڵات زۆر جیاوازە لە ناسنامەی تاکی کوردی لە باکور یان رۆژئاوا، ناسنامەی تاکی کوردی لە باشور لە چەند روویەکەوە جیاوازە لە ناسنامەی تاکی کوردی لە پارچەکانی دیکە...

پرسیار ئەوە نییە ئێمە لە کوێین؟ لە کوێ هاتووین؟ بۆ کوێ دەچین؟ چونکە دەتوانین لە رێگای خۆناسین و مەعریفەوە، لە رێگای تێگەیشتن و راڤەکردنەوە، لە رێگای بیرکردنەوەی جیاوازەوە کار

بکەین و ئەوی دیکە بدوێنین! پرسیاری سەرەکی لە نامەی ناسینی کوردی ئەوەیە، ئایا کورد خاوەنی چ ناسنامەیەکە؟ ناسنامەی تاکی کوردی دیارە؟ ئایا کورد چ شتێك بە هەرەشە بۆ سەر ناسنامە دەزانێت؟ ئایا چ بەهایەك ناسنامەی تاکی کوردی بە تاکێکی دیکە دەبەستێتەوە؟

هەولێر ٢٠١٨/٧/١٩

مەریوان وریا قانع

## ناسنامەی نەتەوەیی

کۆمپیتەر و ئینتەرنێت رەمزی لە دایکبوونی (جیهانگیری)ین، بەبێ لە دایکبوونی ئەو توانا گەورەیەی پێوەندیکردنی ئەلکترۆنی چوارچێوەیەك بە ناوی جیهانگیری دروست نەدەبوو. دروستبوونی ئەو چوارچێوەیەش هۆکاری هاتنەکایەی کۆمەڵێك گۆڕانکاری گەورە گەورەن، کە رۆژانە رووبەروویان دەبینەوە، لە پاش ئەو هەموو گۆڕانکاریانە، ئەو هەموو دەستکەوتە گرنگانەی دنیا، لە دیموکراسییەت و مافەکانی مرۆڤ و پاراستنی جیاوازی و رێزگرتنی ئازادی و پێشنیارکردنی یەکسانییەکی رەها لەسەر بنەمای هاووڵاتیبوون و پەیمانی کۆمەڵایەتی و فیکرەی دابەشکردنی دەسەڵاتەکان و پاراستنی مافی مرۆڤ... گەڕاندنەوەی ناسنامەی نەتەوەییمان بۆ بنەمای (زەردەشتییەت) جگە لەوەی لە رووی سیاسییەوە خۆکوژییەکی گەورەیە، جیاکردنەوەی خەڵکی کوردستانیشە لە بزاڤی کوردایەتی، بە دیوەکەی دیکە لە رووی کۆمەڵایەتی و فیکری و مەعریفیشەوە بارکردنی واقیعی کوردییە بە دنیای غەیبانی، دنیایەك کە پایە بەهێزەکانی خۆی لە

خورافەتدا دەبینێتەوە! ئەو وێناکردنە مێژووییە (ئایینییە) بۆ ناسنامە و چەمکی نەتەوە، تێروانینێکی نەخۆش و ترسناکە. ئەو دیدە نەخۆش و ترسناکە پێیوایە ناسنامەی نەتەوەیی شتێکە لە دوامانەوەیە و پێویستە رەسەنیبوونی ناسنامەی نەتەوەیی قوڵایی مێژوویی هەبێت، دەبێ بۆ بەدەستهێنان و پاراستنی، بەردەوام بۆ ناو کۆڵان و تونێڵ و تاریکایی ئەو مێژووە بگەڕێینەوە، لەو دیدەوە ناسنامە لە کراسێك دەچێت، کە داگیرکار و هەلومەرجی تایبەت و هێزێکی ناحەز، بەزۆری لە بەری داکەندبین و دەبێ ئەرکی ئێمە لەمرۆدا گەڕانەوە بێت بۆ رابردوو، بۆ دۆزینەوەی ئەو کراسە...

(مەریوان وریا قانع) ساڵی (1961) لە گەڕەکی (سابونکەران)ی شاری سلێمانی لەدایك بووە، قوتابخانەی سەرەتایی لە (شێخ سەلام) تەواو کردووە، پاشان بە ماڵەوە هاتوونەتە شاری هەولێر و گەرەکی (سێتاقان) و دواتر لە گەرەکی (دەواجن) نیشتەجێ بوونە و ناوەندی (برایی) و ئامادەیی (کوردستان)ی لە شاری هەولێر تەواو کردووە. دوای ساڵانی هەشتا لە زانکۆی (موستەنسرییە)ی شاری (بەغداد) لە بەشی (ئابوری و کارگێڕی) وەرگیراوە، هەر لە هەشاکاندا دەستی بە نووسین

کردووە و لە کۆتایی هەشتاکاندا فیکری بونیادگەری لە رەخنەی ئەدەبی کوردیدا برەو پێداوە... دوای راپەرینی ساڵی (1991) دەچێتە دەرەوەی کوردستان و لە ساڵی (1995) لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی رۆشنبیر گۆڤاری (رەهەند) دادەمەزرێنن و لەو گۆڤارەدا کارەکانی خۆی درێژە پێدەدات. هەر لە دەرەوەی وڵات و لە وڵاتی (هۆڵەند) سەرەتا لە (زانستە سیاسییەکان) ماستەر دەخوێنێت و دواتر بروانامەی دکتۆرا لەژێر ناونیشانی (خوێندنەوەی پێوەندی نێوان ئایین و ناسیونالیزم و ئەدەبیات) لە بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەدەست دەهێنێ. یەکەمین کتێبی لە ساڵی (2000) بە ناوی (دەسەڵات و جیاوازی) بە چاپ دەگەیەنێت، پاشان کۆمەڵێ کتێب بە ناونیشانەکانی (ناسیونالیزم و سەفەر)، (شوناس و ئاڵۆزی)، (بەختەوەری و بێدەنگی) ئینجا زنجیرەیەك کتێب بە ناوی (کتێب و دنیا)، (دین و دنیا)، (سیاسەت و دنیا)، (فیکر و دنیا) ... هتد، بە چاپ دەگەیەنێت.

بواری کارکردنی دکتۆر مەریوان وریا قانع، تێکەڵەیەکە لە کۆمەڵناسی سیاسی و رۆشنبیری، مێژووی فیکری و پێگەی ئەدەبیات لەنێو ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی و پێوەندییەکانی نێوان دین و

سیاسەت... بە زمانی ئینگلیزی و هۆڵەندی دەنوسێ و نوسینەکانی بۆ چەندین زمان وەرگێردراون. ئێستا لە زانکۆی (ئەمستردام) مامۆستای بەشی خۆرهەڵاتناسییە.

## ناسنامە و زەردەشتییەت

بە شێوەیەکی گشتی چەمکی ناسنامە بۆ فەلسەفەی پێش (سوکرات) دەگەڕێتەوە! (بارمێندس) و (هیراکلیتس) لە بارەی پێوەندی (خود و ئەوی دیکە) و لەبارەی هاوگونجانی نێوان ناسنامە و گۆڕانکارییەکانی قسەیان کردووە... هەمیشە ناسنامە لە پێوەندیکردن بە ئەوی دیکەوە دێتە ئاراوە، لە پێوەندیکردن بە ئەوانی دیکەوە گۆڕانی بە سەردا دێت، کەواتە ئەوانی دیکە هەر تەنها ناسنامەی تۆ دیاری ناکەن، بەڵکو دەشیگۆڕن. بە کورتی مەرجی بونیادنانی رەگەزەکانی ناسنامە و خود لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەوانی دیکەدا دێتە بەرهەم، دەمەوێ بڵێم چەمکی ناسنامە چەمکێکی بێمێژووە.

لێرەدا هەوڵدەدەم لە نێوان (پێوەندی و خودگەرایی و ئەوی دیکە)دا قسە لە ناسنامە بکەم، بەڵام نەک وەک پرۆسەیەك بۆ خۆناسین، بەڵکو وەك

ماناسازی و جیاوازی، ئەگەر ماناسازی تەرجەمەی ئینتیمای رۆحی نەوەکان بکەین، ئەوە جیاوازی هەر نەتەوەیەك لە خەسڵەت و سیمای ئەو نەتەوەیەدا کورت دەبێتەوە! هەمیشە هێز (جیاوازی) بەڕێوە دەبات، بەردەوام دەسەڵاتە هەژموونداڕەکان خەریکی ناسنامەسازین، پاراستنی ناسنامە بە ئەرکی خۆیان دەزانن...مەریوان وریا قانع لە کتێبی (بەختەوەری و بێدەنگی) ل169- 170- 171، لە وەڵامی پرسیارێکدا مێژووی ناسنامەی کوردی دەخاتە روو و دەڵێت، دوای کەوتنی ئیمپراتۆری عوسمانی، ئەگەر راستەوخۆ تەماشای کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدە و ساڵە سەختەکانی سەدەی بیستەم بکەین، دەبینین مێژووی کوردی هەلومەرجێك ژیاوە، کە تێیدا مژدە و خەیاڵ و ئەگەر و تواناکانی مۆدێرنە لە ئاراستەکردنی رووداوەکانیدا دەستی هەبووە، واتە پڕۆژەی خەونبینی دەستەجەمعیانەی ئێمە، پڕۆژەی تازەکردنەوە و گەشەپێدان و بەرەوپێشەوەبردنی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئینسانی و فەرهەنگیمان بووە، لەو پڕۆژانەدا هێزی سەرەکی گۆڕان و خەون و تازەبوونەوە نە زەردەشتییەت بووە و نە هیچ دیدێکی مێژووگەرانەی دیکە، بەڵکو تواناکانی مۆدێرنە بووە. بۆیە من هیچ پێوەندییەکی

شایانی باس لە نێوان کوردبوون و زەردەشتییەتدا نابینم ...

لە رووی سیاسییەوە مێژووی هاوچەرخی ئێمە مێژووی ناسیونالیزمی کوردییە، ئەو ناسیونالیزمە بە درێژایی سەدەی بیستەم لەسەر بەرهەمهێنانی مانا و رەمز و خەیاڵ و عەقڵانییەتی سیاسی کاری کردووە. ئەو ناسیونالیزمە ئەگەرچی سودێکی گەورەی لە سەرمایەی رەمزی سەرکردە ئایینییەکان وەرگرتووە، ئەگەرچی سودێکی گەورەی لە توانای رێکخستنی دەزگا دینییەکانی وەك مزگەوت و تەکیە و تەریقەتەکان وەرگرتووە، بەڵام بە خۆی بە هیچ مانایەك پڕۆژەیەکی ئایینی نەبووە، بە هیچ مانایەك شەرعیەتی خۆی لەسەر پرنسیپە ئایینییەکان بونیاد نەناوە، بەڵکو لەسەر بنەمای پرنسیپە سیاسییەکانی مۆدێرنە دروست بووە. لە سەرەتای دروستبوونی ناسیونالیزمی کوردی، هەرگیز بۆ دروستکردنی (مەرجەع و مێژوو و زاکیرەی نەتەوەیی تایبەت) بۆ حیکایەتە ئایینییەکان نەگەراوەتەوە، راستە ئایین لە رێگای نفوزی هەندێ سەرکردەی دینی و بەگەرخستنی هەندێ دەزگای دینییەوە ئامادەیی هەبوو، بەڵام ئایین بە هیچ مانایەك یەکێك لە حیکایەتە نەتەوەییەکانی ناسیونالیزمی کوردی

نەبووە. ناسیونالیزمی کوردی هەرگیز باسی لە بەگەڕخستنی ڕەمزە زەردەشتییە کۆنەکان و پیادەکردنی شەریعەت نەکردووە، حیکایەتە هەرە سەرەکییەکانی ناسیونالیزمی کوردی ئەگەر حیکایەتی (کاوەی ئاسنگەر) و (جەژنی نەورۆز) بێت، حیکایەتی گەڕانەوە نییە بۆ ئایینێکی جیاواز و گریان و لەخۆدان بۆ پاڵەوانێکی ئایینی ناو رابردووی ئێمە. بە پێچەوانەوە حیکایەتی کاوەی ئاسنگەر حیکایەتی داواکردنێکی سەرسەختی عەدالەتخوازییە، تا رادەی گەیشتن بە راپەرین و یاخیبوون و قوربانیدان... کەواتە زەردەشتییەت نابێتە بەردی بناغەی ناسنامەی نەتەوەیی ئێمە!

ناسنامەی نەتەوەیی، بوونی کۆمەڵێك مژدەی هاوبەش و خەونی هاوبەش و پلانی هاوبەشە بۆ ئایندەیەکی پێکەوەیی و سەرفراز! بۆ دروستکردنی ناسنامەی نەتەوەیی ئەوە بەس نییە، تەنها تەماشای دواوە و رابردووی خۆمان بکەین، ئەوە بەس نییە، بڵێین ئێمە نەوەی کاوەی ئاسنگەرین و دەوڵەتی میدیا دەوڵەتی باپیرانی ئێمە بووە، زەردەشت پێغەمبەری کورد بووە، بەڵکو پێویستمان بە دیدێکی هاوبەش و خەونێکی هاوبەش و پرۆژەیەکی هاوبەشە بۆ ئایندە! بە کورتی ناسنامەی نەتەوەیی

نادۆزرێتەوە، بەڵکو دادەهێنرێت و دروست دەکرێت و بەردەوام تازە دەکرێتەوە، پێدراوێکی پێشوەختە نییە، بەڵکو داهێنراوێکی ئێستاییە و لە میانەی پێکدادان و ئاڵوگۆری و گفتوگۆی کۆمەڵایەتی بەردەوامدا دروست دەبێت.

لە کۆی ئەو قسانەی مەریوان وریا قانعدا دەتوانین چەمکی ناسنامەی نەتەوەیی لە خەسڵەت و سیما جیاکەرەوەکاندا بدۆزینەوە، لە تەرجەمەکردنی ئینتیمای رۆحی نەوەکان و پلانی هاوبەش بۆ ئایندەیەکی پێکەوەیی و سەرفراز... لە کۆی ئەو بیروباوەر و وێنە و رەمزانەی کە گروپێکی کلتووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دیاریکراو لە هەلومەرجێکی دیاریکراودا لەسەری رێك دەکەون و بە دنیای دەرەوەی نیشان دەدەن. هەموو ئەوانەش بایەخی لە بەرزکردنەوەی پایەی نەتەوە و پێشکەوتن و گەشەکردنی نەتەوەدا هەیە، بەڵام سەرچاوەی قەیرانی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی بۆ بنەما مێژووییەکانی ناگەرێتەوە، بەڵکە بۆ ئیرادەی سیاسی و رۆشنبیری و رەمزی و مەعریفی یەکگرتوو دەگەرێتەوە! نەبوونی چوارچێوەیەکی دیموکراسییە، بۆ رێکخستنی جیاوازییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و

ئایینی و فەرهەنگییەکانی کۆمەڵگای ئێمە، نەك لادان لە زەردەشتییەت و بوون بە ئیسلام...

## ناسنامەی کوردی و ئاڵۆزییەکانی

(زیگمۆن باومان) پرۆفیسۆری سۆسیۆلۆژیا، ساڵی (2016) بەر لە کۆچکردنی لە چاوپێکەوتنێکدا لە بارەی ئەمڕۆی ناسنامەوە دەڵێ، ناسنامە لە بوونی ئەو شتەی کە تۆ لەگەڵی لەدایك بووی، بۆ بوونی ئەرك، کۆمەڵێك گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە... ئەگەرچی کۆمەڵگاکان بە ئاسانی دروست نابن، بەڵام ئەمڕۆ تۆ دەبێت کۆمەڵگای خۆت دروست بکەیت! ئەو کۆمەڵگایەی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان دروستی دەکات، شتێکی لاوەکییە، جیاوازی نێوان کۆمەڵگای تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگای واقیعی ئەوەیە، کە تۆ دەتوانی بە ئازادی بۆ کۆمەڵگای واقیعی بگەڕێیتەوە، بەڵام تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بۆ تۆ دەگەڕێنەوە و کۆنترۆڵت دەکەن... کۆمەڵگای واقیعی فێری گفتوگۆمان دەکات، تۆری کۆمەڵایەتی فێری گفتوگۆمان ناکات، کۆمەڵگای واقیعی ئاسۆی بیرکردنەوەمان فرەوان دەکات، بەڵام تۆری کۆمەڵایەتی ئاسۆی بیرکردنەوەمان فرەوان ناکات،

تۆرە کۆمەڵایەتییەکان بەسود و چێژبەخشن، بەڵام تەڵەن.

لە بیرمان نەچێت، ئەو یاسایەی هەر نەوەیەك لە نەوەکانی بەر لە خۆی و دوای خۆی بە یەکەوە گرێ دەدات، یاسای بەردەوامی و دابران، پێکەوەبوون و جیابوونەوەیە... مەریوان وریا قانع لە کتێبی (شوناس و ئاڵۆزی) ل140 دەڵێت، هەر نەوەیەك سەر لە نوێ پێناسەی تایبەت بەو چەمك و مانا و پرنسیپە کۆمەڵایەتی و سیاسی و فەرهەنگیانە دەدات، کە لە هەناویدا گەورە دەبێت و بە هۆیانەوە جیهان دەناسێت و دیاردەکان راڤە دەکات و دواجاریش لە هەناویاندا دەمرێت. لە رێگای پێناسەکردنەوەی شتەکانەوە ئەو نەوەیە شوناسێك بە خۆی دەبەخشێت و بە خۆی و بە دەرەوەی خۆی دەڵێت ئەوە منم و ئەوەش هەڵوێستی کۆمەڵایەتی و سیاسی و کلتووری و مەعریفی منە، ئەوەش ماناکان و هەڵوێستەکانی منە بۆ دنیا و دیاردەکانی دەوروبەرم. هەر نەوەیەك نەتوانێ ئەو کارە بکات، نەوەیەکی بێ شوناس دەبێت و ئەو بێ شوناسییە دەیکاتە بوونەوەرێك، کە شتەکان لە دەرەوەی خواستی ئەو بەڕێوە دەچن .

پرسیاری ئەوەی ئێمە کێین؟ هەر تەنها ماڵئاوایی کردن نەبووە لە شوناسی کۆسمۆپۆلی کە هەموان بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە و دروستکردنی ماڵی نەتەوەیی، هەر تەنها لەبەریەکهەڵوەشانەوەی فانتازیای سیاسی و کلتووری، لەبەریەکهەڵوەشانەوەی سەرزەمینی هاوبەشی برای ئایینی و پەیمانی ئایینی نەبووە، هەر تەنها بە دروستبوونی ناسنامەی نەتەوەیی و پەیمانی کۆمەڵایەتی و دەزگا و بۆچوون و پرنسیپ و فانتازیا تایبەتەکانی مۆدێرنە و بزاوتی نەتەوەیی پێوەست نییە. بەڵکو بە هێزێکی رەمزییەوە پێوەستە، کە بتوانێ خەون و خەیاڵ و ویستەکانی نەوەی نوێ لە واقیعدا بنەخشێنێ و کۆمەڵگایەکی جیاواز بهێنێتە ئاراوە.

مەریوان وریا قانع پێی وایە ناسیونالیزمی کوردی لە رووی سیاسییەوە پشتئەستور بوو بە نوخبەی رۆشنبیرەوە، دروستکردنی حیزبی سیاسی و دامەزراندنی یانە و دەزگا و کۆر و کۆمەڵەی نوێ... لە دەستپێشخەرییەکانی ئەو نوخبە رۆشنبیرەوە بووە، بەڵام کێشەی سەرەکی ئەو نوخبەیە لەوەدا بووە، کە نەیتوانی پێوەندییەکی ئۆرگانی لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی و کلتووری و زمان و رەمزە

تەقلیدی و باوەکانی کۆمەڵگادا دروست بکات، ئەوەش بۆ نەبوونی سەرمایەیەکی بەهێزی رەمزی دەگەڕێتەوە، هێزێکی رەمزی کە پشتی ئەو نوخبەیە بگرێ و بتوانێ خەون و خەیاڵ و ویستەکانی لە واقیعدا بنەخشێنێ، بتوانێ هێزەکانی دیکە لە دەوروبەری کۆ بکاتەوە، تا ئەو نوخبەیە بتوانێ کاریگەری راستەوخۆ لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی دروست بکات... بەو مانایەش کێشەکە ئەوەیە، کە خەونی بونیادنانی قەوارەی سیاسی کوردی یەکانگیر نەبووە لەگەڵ خەونی تازەکردنەوەی کۆمەڵگای کوردیدا؟!

## ناسنامە و دنیا

جیاوازی نێوان کۆمەڵگای تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵگای واقیعی، لە ئازادی و ئاسایشدایە، زیگۆمان باومان دەڵێ ئەگەر ئاسایشی زیاترت بووێ، دەبێ واز لە بڕێك ئازادی خۆت بهێنیت، (چونکە دواجار ئەوەی ئێمە لە سەرکەوتنی ئازادی پێشبینیمان دەکرد، کۆمپانیاکان دەستیان بە سەردا گرت)... بەڵام جیاوازی نێوان هێز و سیاسەت، لە بەجیهانیبوون و بەناوخۆییبووندایە! تێکەڵکردنی ماڵی سیاسەت بە ماڵی هێز لەسەر دەستی دەوڵەت-

نەتەوە کۆتایی هاتووە، چونکە سیاسەت ناتوانێ بەڵێنەکانی بەرێتە سەر، بەڵام هێز بەجیهانی بووە... کەواتە هەڵەیە ئەگەر ئێمەی کورد پێمان وابێت دەتوانین تەنها لە ڕووی ناوخۆییەوە کێشەکانی خۆمان چارەسەر بکەین.

ئەمڕۆ دنیا پێوەندی لەگەڵ ناسنامەدا شکاوە، مەرج نییە پێوەندی ناسنامەت لەگەڵ ئەو شوێنە هەبێت، کە لێی دەژی؟! دنیا ڕووبەڕووی گۆڕانکاری زۆر بۆتەوە، تێگەیشتن لەو گۆڕانکارییانە لەسەر پرسە ناسنامەیی و کلتوورییەکان بۆ ئێمەی کورد بایەخی تایبەتی هەیە! ناسنامە ئامرازێکی دروستکراوە، بەڵام دەبێ بزانین ناتوانین وازی لێ بهێنین، دەبێ بە شێوەیەکی دیکە بە دوایدا بگەڕێین، چونکە ناسنامە هاوسەنگی نێوان خود و ناخود ڕادەگرێت.

ڕەنگە چیدی نەتوانین پێناسەی کۆمەڵگای کوردی بە دانیشتوانی ئەو سەرزەمینە جوگرافییە بکەین، کە نەوەکانی بەر لە ئێمە تێیدا ژیاون، وەك مەریوان وریا قانع لە شوناس ئاڵۆزی ل87-88 دا دەڵێ، ناتوانین دیاردەکانی ناو ئەو کۆمەڵگایە تەنها لە سیاقە لۆکاڵیەکانی ناوخۆدا بخوێنینەوە و چاو لەو هەموو

رایەڵە ئەلکترۆنیانە بنوقێنین، کە ئەو کۆمەڵگایە بە دەرەوەی خۆیەوە گرێ دەدات.

ئەمڕۆ دنیا پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگادا شکاوە، بۆیە گرەوی سەرەکی سۆسیۆلۆژیای هاوچەرخ لەوەدایە، چۆن بتوانێ قسە لەسەر دیاردە کۆمەڵایەتییەکانی دنیای هاوچەرخ بکات، بەبێ ئەوەی چەمکی کۆمەڵگا بەکار بهێنێت؟! چونکە کۆمەڵگا سەر بە سۆسیۆلۆژیای سەدەی نۆزدە و قۆناغی بونیادنانی دەوڵەتی نەتەوەیە، واتا لە رۆژگاری جیهانگیریدا ئەو چەمکە ناتوانێ وەك چوارچێوەی رووداوی رووداوە کۆمەڵایەتییەکان تەماشا بکرێت !

ئەمڕۆ دنیا پێوەندی لەگەڵ نیشتماندا شکاوە، واتا چەمکی نیشتمانیش گۆڕانی گەورەی بەسەردا هاتووە، نیشتمان چیدی بە تەنها جوگرافیایەکی واقیعی نییە، واتا شوێنێك نییە، تۆ دەبێت تێیدا ژیابیت و پێی ئاشنا بیت، بەڵکو جوگرافیایەکی خەیاڵیشە، شوێنێکە دەشێ نەیناسیت و نەدیبێت و تێیدا نەژیابیت. نەخشەی نیشتمان چیدی بە تەنها لەناو واقیعێکی جوگرافی لۆکاڵیدا نییە، بەڵکو لەنێو ئامرازە تەکنیکییەکانی (شاشەی کۆمپیوتەر، فاکس، نامەکانی ئینتەرنێت، بەرنامەی تەلەفیزۆن، سەتالایت...) دایە، لەنێو پێوەندی نوێ دایە. دواجار

چیدی ناسنامە بە تەنها لە پاڵ پێدراوە لۆکاڵی و ناوچەییەکانی ناو نیشتمان و کلتووری ناو نیشتماندا بەرهەم ناهێندرێت، بە تەنها راستەوخۆ ژینگە، ژینگەی هەڵهێنجانی ماناکان و پێناسەکان و پێوەندییەکان نییە، چونکە لەگەڵ ئینتەرنێتدا توانایەك هاتۆتە کایەوە، کە هەموو جیهان بێتە سەرزەمینی پێوەندی رۆژانە و ببێتە سەرزەمینی بەرهەمهێنانی مانا و شوناس. لە دۆخێکی وادا ناسنامە سادە و تاکرەهەندەکان دووچاری قەیران دەبنەوە و قۆناغی ناسنامە ئاڵۆزەکان دێتە کایەوە، بیرۆکەی فرەدەنگی، جیاوازی، بەناویەکداچوون و تێکەڵبوونی گلۆباڵ بە لۆکاڵ وا دەکات ئینسان هەمیشە لەبەردەم رستێك ئەگەر و توانای هەڵبژاردن و دارشتنی ناسنامەی تازەدا بێت، هەر ئەوەش وا دەکات نوێنەرانی ناسنامەی تاکرەهەند و تەقلیدی ترسیان لێ بنیشێت.

هەولێر 2018/7/23

# جۆدیس بتلەر
# ناسنامە و خود

ژنە فەیلەسوفی ئەمریکی) جۆدیس بتلەر (Judith Butler)لە 24ی شوباتی 1956، لە کلیفلاندی هەرێمی ئۆهایۆ لە دایك بووە، دکتۆرای لە زانکۆی (ییل) لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە دەستهێناوە، ناونیشانی تێزەکەی (بابەتەکانی ئارەزوو: رامانی هیگلیانە لە فرەنسای سەدەی بیستەم) لە ساڵی (1987) وەك کتێب چاپکراوە... بتلەر سەر بە قوتابخانەی دوای بونیادگەرییە و لە نەوەی سێیەم دەژمێردرێت، وەك یەکێك لە گرنگترین فەیلەسوفە رەخنەگرەکانی ئەو (30) سی ساڵەی دوایی ناوبانگی دەرکردووە، لە بارەی چەمکەکانی خود و رەگەز و زمان و دەروون و سێکسگەرایی نوێ... کار دەکات، کێشە فیمنستییەکان بە ئاسۆی فەلسەفییەوە دەبەستێتەوە، میتۆدی جۆراوجۆری وەك شیکاری دەروونی و میتا فەلسەفە و میتا نوێگەری لە کارەکانیدا ئیش پێدەکات... ساڵی (2012) خەڵاتی (تیۆدۆر ئەدۆرنۆ 1903–1969)ی لە بواری فەلسەفەی باڵا بە بەهای

(50000) پەنجا هەزار یۆرۆ وەرگرتووە، ئەو خەڵاتە هەر لە ساڵی (1977)ەوە لە شاری (فرانکفۆرت)ی ئەڵمانی سێ ساڵ جارێك دەدرێتە ئەو کەسانەی لە بوارەکانی فەلسەفە و موزیکا و شانۆ و فیلم، بەخششی جیاواز و دیاریان هەیە، ئێستا مامۆستای رەوانبێژی و ئەدەبی بەراوردکارییە لە زانکۆی کالیفۆرنیای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا .

فەیلەسوفی ئەمریکی جۆدیس بتلەر لەو کتێبانەی لەبارەی خود و ناسنامە، زمان و کۆمەڵگا... نووسیویەتی، دەڵێت: دەشێ زۆر شت لە زمانی رۆژانەمان فێر بین، چونکە ئەوە پێکهاتەکانی زمانی رۆژانەیە رێگاکانی بیرکردنەوەمان دیاری دەکات... لەبارەی پرسیارەکانی خود چییە؟ جێندەر چییە؟ چۆن بە شێوەیەکی رەخنەگرانە لێیان نزیك بینەوە، میکانیزمە سیاسییەکان چیین؟ دەڵێ هەموو ئەو پرسیارە ئاڵۆزانە تەنها لە رێگای گەڕانەوە بۆ پرسی زمان دەتوانین لێیان نزیك بینەوە! زمان هەر بەرهەمهێنەری دەلالەت و بەرهەمهێنەری مانا نییە، بەڵکو هەموو ئەوانەی بە زماندا دەروا وەك "ئامرازی رەتاندن" رێگا لە خود دەگرێ قسەی خۆی بکات، بەم جۆرە دنیا بەرەو ئاژاوەیەکی زمانەوانی و

دەقگەرایی دەبێتەوە، خودی ئێمەش بەرەو هەڵوەشانەوە، ئەو هەڵوەشانەوەیەش دەکەوێتە نێوان ئێمە و ئەوان، نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگا.

بۆ ئەوەی مەعریفە لە بارەی کۆمەڵگاوە بەدەست بهێنین، پێویستە لەلایەك پارێزگاری لە کۆمەڵگا بکەین و بۆشاییەکانی نێوان کۆمەڵگا و دەوڵەت پر بکەینەوە، لەلایەکی دیکە پێویستە بەرگری لە دەوڵەتێکی مۆدێرن بکەین، بەو مانایەی کە ئازادی و دادپەروەری و یەکسانی پراکتیزە دەکات! کۆمەڵگا تاقیگەی پێوەندییەکانی ناسنامەیە، ئەو قسەیە بەو مانایە دێ، کە کۆمەڵگا تاقیگەی ناسنامەی خودەکانی بێت، تاقیگەی ئارەزووی تاکەکانی بێت، چۆن کۆمەڵگا دان بە ئارەزووەکانی من دادەنێت، کێ پێوانە بۆ ئارەزووەکانی من دیاری دەکات، چۆن کۆمەڵگا وەك ئارەزووکەری شتێك، کە بۆم نەشیاوە، مامەڵەم لەگەڵدا دەکات؟! هەموو ئەو گیروگرفتانەی دووچاری پێوەندی نێوان خود و کۆمەڵگا دێت، توندوتیژییەکی رەها دەخاتەوە، هەموو ئەوانەش پێوەندییان بە دەسەڵاتەوە هەیە، چونکە ئەوە دەسەڵاتە پێوەندی من و ئەوی دیکە رێك دەخات! ئێمە دەکەوینە دووتوێی کۆمەڵێك پێوانەی کۆمەڵایەتییەوە، پێویستە ئەوی دیکە وەك خۆی

تەماشا بکەین، نەك وەك چۆن ئێمە دەیبینین، نەك بەپێی ئەو چوارچێوەیەی بۆی رێك دەخرێت... بەو مانایەش رێساکان کار لەسەر ئاراستەکردنی رەفتاری من ناکەن، بەڵکو ئەوە دەسەڵاتە شیانەیی نێوان من و ئەوی دیکە دەسەپێنێ! یەکێك لە رەخنەکانی جۆدیس بتلەر لە ئەدۆرنۆ ئەوەیە، ئەدۆرنۆ بایەخی دەسەڵات لە چارەنووسی خود و سنوورەکانی خود پشتگوێ دەخات.

ناسنامە و خود لە پێدراوە پێشینەکان نین، بەڵکو تێکئاڵاون و دەکەونە هەبوونگەراییەکی بێکۆتاییەوە! واتا بتلەر خود وەك تاك سەیر ناکات، بەڵکو وەك بونیادی زمانەوانی لە حاڵەتی پێکهاتن دەبینێ، بەو مانایەش هەمیشە دەتوانین خودی خۆمان لە رێگای جۆراوجۆر لە نوێوە بەرهەم بهێنینەوە، وەك چۆن دەتوانین ناسنامەی فرەچەشنی خۆمان بە هەمان رێگا بەرهەم بهێنینەوە، کەواتە هەمیشە گیروگرفتی ناسنامە پێوەندی بە گیروگرفتی خودەوە هەیە، گیرگرفتی خودیش پێوەندی بە کۆمەڵگا و کۆمەڵگاش بە دەسەڵاتەوە بەندە.

بتلەر پرسی جیاوازی پێکهاتەی ناسنامە و خودگەرایی بەرز دەکاتەوە و ناسنامەی یەك رەنگ، بە رۆشنبیری نێرسالاری و بنەمای بایۆلۆجی پێشینە

و جێگیربوون دەبەستێتەوە، بە دیوەکەی دیکەش پۆلینکردنی ناسنامە لەسەر بنەمای لادانی سێکسی نێر و مێ دەخاتە بەر رەخنەی فەلسەفییەوە... ئەو تەماشاکردنە جۆراوجۆر خۆی دەنوێنێ و پشت بە بیروبۆچوونی هەر یەك لە لاکان و فۆکۆ و ئاڵتۆسێر و دریدا و هتد دەبەستێت... لە زۆر جێگادا (ژاك لاکان 1901-1981) دەڵێت ناسنامە بەرهەمی قۆناغی رەمزی و پێشینەی خودی مرۆڤە، ئەو کاتەی کە بونیادی زمان بەشێکە لەو خودە، بەڵام (سیمۆن دوبۆڤوار 1908- 1986) لە کتێبەکەی (رەگەزی دووەم)دا دەڵێت ژن ژنانە لە دایك نابێت، بەڵکو بەژن دەکرێت !

لێرەدا (لوی ئاڵتۆسێر 1918-1990) بەرگری لەو تێزەی خۆی دەکات، کە دەڵێت ناسنامە ئەنجام و بەرجەستەکردنی تۆڕێکە لە دەزگا ئایدیۆلۆجییەکانی دەوڵەت، جا چ سەرکوتکەر بێت، یان دامەزراوە ئارەزوومەندخوازەکان بێت... هەر چۆنێ بێت ناسنامە بە رۆشنبیری و زمان و بەهای کۆمەڵایەتی و دەزگا ئایدیۆلۆجییەکانی دەوڵەتەوە بەستراوەتەوە، بە قسەی ئاڵتۆسێر بێت، ناسنامە هەمیشە دەکەوێتە تەڵەی پاشکۆیەتی و ناچارییەوە! پرسیار ئەوەیە ئەگەر ناسنامە هەمیشە بەرهەم و

ئاکام بێت، چۆن هەڵگرانی سەربەخۆیی خۆیان دەپارێزن؟ چۆن لە ستەم و ناچاری و زۆرلێکردن دوور دەکەونەوە؟ جۆدیس بتلەر لەو بارەیەوە رەخنە لە ئاڵتۆسێر و حەتمییەتی ئایدیۆلۆجی دەگرێ و پێی وایە دەشێ رێگایەك بۆ دەربازبوون لە ستەم و ناچاری ناسنامە بدۆزینەوە، بە هۆی رەخنەگرتن لە شێوەکانی هەژموونگەرایی دەوڵەتی مۆدێرن و ناچارکردنی کۆمەڵگا و تاك بە حەقیقەتی تەمومژاوی، بە یاسا و رێسای ستەمگەرانە، یان قبوڵنەکردنی حەقیقەتی سیاسی و یاسا ستەمکارەکانی دەوڵەت... هەر لەو بارەشەوە دەنوسێت رێسا و دەزگاکانی دەوڵەتی مۆدێرن کار لەسەر رەفتاری تاك ناکەن، بەڵکو بریاری جۆرێك لە شیانەیی لە نێوان تاك و ئەوی دیکە و دەوڵەتدا دەدەن! وەك دەبینین رەخنەکانی دەکەونە چوارچێوەی مافی هاووڵاتیبوون و ئازادی و یەکسانی و رێزگرتنی ئەوی دیکە و نەتەوەکانی دیکە، چونکە ناچارکردن و بێرێزی نواندن دەبێتە سەرەتای توندوتیژی و کۆتاییهێنان بە مافەکانی مرۆڤ.

بەڵام چۆن لەناو ئەو هەموو ساختەییە، ژیانێکی حەقیقی دەژین؟ ئەدۆرنۆ پێی وایە لەناو ژیانی

ساختەدا هیچ جۆرە ژیانێکی حەقیقی بوونی نییە، ژیانی حەقیقی لەناو دنیایەکی پڕ لە نایەکسانی و دەستبەسەراگرتن و ڕەتاندن دروست نابێت! لێرەوە بتلەر پرسیاری پێوەندی ئەخلاق و تیۆری کۆمەڵایەتی بەرز دەکاتەوە، کەواتە چۆن دەشێ ژیانێك هەڵبژێرین بێ ئەوەی وێنەکانی خۆی بە سەرماندا بسەپێنێ؟

(هانا ئارنێت) بەپێی (مەرجی مرۆڤی مۆدێرن) ژیانی جەستە و ژیانی عەقڵ لێك جیا دەکاتەوە، وەك چۆن جیاوازی دەخاتە نێوان فەزای گشتی و فەزای تایبەت، فەزای تایبەت بە دنیای پێداویستییەکان و بەرهەمهێنانەوەی ژیانی ماددی و سێکس و مردن... لە قەڵەم دەدا و پێی وایە فەزای تایبەت لە رووی فیکر و چالاکییەوە هاوکاری فەزای گشتی دەکات. لەسەر ئەو بنەمایە جۆدیس بتلەر دەڵێ بزاڤی سیاسی لە فەزای گشتیدا هەر تەنها لە ڕێگای جەستەوە بەئەنجام ناگات، بەڵکو لە ڕێگای گۆڕانیگوتن و دروشمبازی و رووکارخوازی بەئەنجام دەگات، هەتا بێدەنگی شەقامیش بەشێك لە نواندنی سیاسییە، ڕاستە گوتار وەك کردەیەکی جەستەیی لە دووتوێی چالاکی جەستەیەکی دیکەوە دیاری دەکرێت، جەستەکان لە ڕێگای قسەکردنەوە خۆیان

دەنوێنن، بەڵام قسەکردن هەموو شتێك نییە، بە دڵنیاییشەوە بۆ جوولەی سیاسیش تاکە شت نییە. جۆدیس بتلەر لەو کتێبەی کە بە زمانی فرەنسی بە ناوی (بەجەماوەربوون) چاپکراوە، پێی وایە ئەو فەزا گشتییەی بەشێك لە سیاسەت پێکدەهێنێ (دۆناڵد ترەمپ)ی هێنا ناوەوە، پێی وایە ترەمپ شێوازێکی نوێیە لە فاشییەت، پێی وایە ئەو خەڵکانەی بە بینینی ترەمپ دڵخۆشن، بۆ ئەو بەجەماوەربوونە دەگەڕێنەوە... دەیەوێ بڵێت جەماوەر هەمیشە حەزی لە رووکارخوازی و دروشمبازی و گشتگەرایی و بێنرخکردنە، جەماوەر لەگەڵ کەشفیکردن و بیرکردنەوە و بەدواداچوون و تایبەتمەندیدا نییە! دۆناڵد ترەمپ لە رێگای میدیاوە زیاد لە پێویست خۆی لە "سیاسەتی دوای حەقیقەت" نزیك کردۆتەوە، بۆ ئەوەی راستی بخاتە تەمومژییەوە، واقیع و خەیاڵ تێکەڵ بەیەك بکات... هەموو ئەوانەش بە بروای هانا ئەرنێت خەسڵەتێکە لە خەسڵەتەکانی گشتگەرایی .

جۆدیس بتلەر چەمکی دانان بە ئەویدیکەی هیگلی لە ژیانی سیاسی و فەلسەفی خۆیدا پەرە پێدەدات، بە دیوەکەی دیکەش کاریگەری و شوێنی تایبەتی ئەو چەمکە لە بەرهەمەکانی دیارە! هەر لەسەر ئەو

بنەمایەش پرسی ژیاندۆستی بەرز دەکاتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەو ژیاندۆستییەی (باروخ سپینۆزا Baruch Spinoza 1632-1677 )ی فەیلەسوفی هۆڵەندی قسەی لێکردووە، دژ دەکەوێتەوە! چونکە پێی وایە بۆ ئەوەی بە ئارەزووی خۆت بژی، پێویستە دان بە ئەوی دیکەی جیاوازدا بنێیت، بەو مانایەش مەسەلەکە هەر ژیاندۆستی نییە، بەڵکو هەڵبژاردنی ژیانێکی سەربەخۆ و ئازادانەیە، ئەوەش بە دیاریکراوی دەلالەت لە بەرجەستەکردنی پرسی ناسنامە دەکات، بەڵام نەك وەك شتێکی جێگیر و چەسپاو، بەڵکو ناسنامە پێویستە بەپێی بارودۆخی تاکەکانی کۆمەڵگا هەمیشە لە نەشونمادا بێت !

ئەگەرچی هەموو ئەو لێکۆڵینەوە هاوچەرخانەی کار لەسەر ناسنامە دەکەن، خود وەك وێنەی خود تەماشا دەکەن، چونکە ئەوە بونیادنانی خود و ئۆتۆکراتیەتی خودە... جەوهەری ناسنامەی تاك لەخۆ دەگرێت، بەو مانایەش خود وێڕای تایبەتمەندییە جەستەییەکان، ئاماژە بە کۆی تایبەتمەندییەکانی (چێژ، مەیل،.. هتد) دەکات، لێرەوە تایبەتمەندییە بنەرەتییەکانی ناسنامە تەماشاکردنی خودە بە شێوەیەکی پۆزەتیف، هەموو

تاكێك لە ئێمە بەرانبەر بە دەروونی خۆی و بەرانبەر بە ئەوی دیكە هەست بە گەشەكردنی پۆزەتیفانە دەكات، ئەو هەستكردنە فاكتەرێكی گرنگی ژیانی دەروونی و كۆمەڵایەتی لەسەر بونیاد دەنرێت، بەڵام مەرج نییە لە رێگای ئەوی دیكەوە مەعریفەی خود كامڵ بێت، مەعریفەی خود مەرج نییە پێوەندی بە ئەوی دیكەوە هەبێت، مەعریفەی خود بەردەوامی بەرێوەی دەبات، ناسنامە بەردەوام لە گەشەكردن و گۆڕاندایە ...

كەواتە دەشێ ناسنامە كۆمەڵایەتی نەبێت، یان نەكەوێتە دووتوێی پێوانە كۆمەڵایەتییەكانەوە، بەڵام دەبێ ژیاندۆستی بەردەوامی هەبێت... هەموو ئەو قسانە بەو مانایە نییە، كە داننان شتێكی دابراو بێت لە ئەوی دیكە، هەمیشە مەعریفەی خود دابڕاو بێت لە مەعریفەی كۆمەڵگا، وەك چۆن ناشێ پرسی ناسنامە پێوەندی بە خودەوە نەبێت، چونكە ناسنامە ناكەوێتە پێش بوونی كۆمەڵایەتییەوە، بەڵكو ئەوە بوونی كۆمەڵایەتییە بنەمای ناسنامە پێكدەهێنێ.

هەولێر 2017/7/21

## داریوشی شایگان
## ڕووەکانی ناسنامە

"تاکە کلیلێکی ئەفسانەیی بۆ کردنەوەی هەموو دنیاکان بوونی نییە"

داریوشی شایگان نووسەر و بیریاری ئێرانی لە 24ی کانوونی دووەمی ساڵی 1935 لە شاری (تاران) لە باوکێکی ئازەری (تورکی- ئێرانی) شیعە و دایکێکی سووننە مەزهەب لەدایك بووە، خانەوادەکەیان بە زمانی جۆرجی و ڕووسی و تورکی و فارسی قسەیان کردووە، ئەو جۆراوجۆرییەی زمان کاریگەری زۆری لەسەر شایگان دروستکردووە! شایگان لە سەرەتاوە دەچێتە قوتابخانەیەکی فرەنسی لە تاران و هەر لە زووەوە فێری زمانی فرەنسی دەبێت، لە تەمەنی پانزە ساڵیدا دەچێتە وڵاتی بریتانیا لە شاری (لەندەن) درێژە بە خوێندن دەدات، بۆ ڕازیکردنی خواستی خانەوادەکەی لە شاری (ژنێف) خوێندنی پزیشکی هەڵدەبژێرێت، بەڵام حەز لەو ڕشتەیە ناکات و ناتوانێ درێژەی پێبدات، زێتر مەیلی لە ئەدەب و

هونەر و فەلسەفە دەبێت، بەڵام بوێری ئەوەی نییە، دژی خواستەکانی باوکی بێتەوە، هەرچۆنێ بێت خۆی لە کۆلیژی زانستە سیاسییەکان دەبینێتەوە، وەك خۆی دەڵێت لە شاری ژنێفەوە چالاکییە زانستییەکانی درێژە پێدەدات، لە هەمان کاتیشدا هەر لەوێ لە ماف و فەلسەفە و زانستی زمان دەخوێنێ، پێوەندییەکی پتەو لەگەڵ هونەرمەندان دروست دەکات و لە کۆڕەکانی (ژان پیاجێ) و (کارل گۆستاف یۆنگ) ئامادە دەبێت، پێش دەرچوونی لە کۆلێژی ژنێف بە دوو ساڵ هاوسەرگیری لەگەڵ هاوڕێی کۆلیژ لە بەشی زانستەکانی جوانی خاتوو (فەریدە زەندیە) دەکات... هەموو تواناکانی خۆی لە زانستەکانی ئایین بەکار دەهێنێ و لە ساڵی 1967 کتێبێك بە زمانی فارسی بە ناوی (ئایین و قوتابخانەی فەلسەفی هیندی) لە دوو بەرگدا بە چاپ دەگەیەنێت.

داریوشی شایگان لە (سۆربۆن) پلەی ماجستێر و دواتر دکتۆرا لە لێکۆڵینەوەی ئایینەکانی هیندی و فەلسەفەی بەراوردکاری بەدەست دەهێنێ، تێزەکەی لەژێر ناونیشانی (پێوەندییەکانی نێوان ئایینە هیندییەکان و سۆفیگەری...)دا دەنوسێت، پێی وایە

جەوهەری ئایینەکان لە بەیەکگەیشتنی هەموو لقەکان و دەستەواژە مەعنەوییەکاندا خۆی دەبینێتەوە !

بۆ جاری دووەم لە ساڵی 1962 پێوەندی بە زانکۆی تاران دەکات و تا ساڵی 1980 هەموو چالاکییەکانی خۆی لەو زانکۆیەدا لە زمانی سانسکریتی و بیروڕا و فیکرە هیندییەکان و فەلسەفەی فیدائی و بوزی و یۆگا و دانایی عیرفانی سەرف دەکات، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیمام خومەینی دەگەڕێتەوە فرەنسا...

شایگان بیریارێکی فرە مەعریفییە و هەمیشە بە شێوە ئاسۆیی و ستوونی بیری خۆی بەرەو پێشەوە دەبات و لەسەر نوێکردنەوەی بیرکردنەوەکانی کار دەکات، بە ئاشکرا دەڵێت من بەردەوام لە گۆڕان و پێگەیشتندام، وەك چۆن دەڵێت ئەگەرچی هاووڵاتی ئیرانی بیرکردنەوەکانی خۆی بە دەگمەن دەگۆڕێ، بەڵام من بیرکردنەوەکانم لە گۆڕانی بەردەوامدان و وەستانیان نییە! شایگان دەڵێت سەیرەکە ئەوەیە ئێمە هەتا ئێستاش گەورەترین بیریارمان شاعیرەکانمانن و نوێترینیان حافزی شیرازییە، کە حەفسەد ساڵ پێش ئێستا ژیاوە، نامەوێ خراپ لە قسەکانم بگەن، من نامەوێ لە نرخی ئەوان کەم

بکەمەوە، جەلالەدینی رۆمی، حافزی شیرازی... دنیای ئەوان لەگەڵ دنیای ئێمە تەواو جیاوازە، پێویستە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئەو دنیایە، خۆمان بە مەعریفەی نوێ پر چەك بکەین، چونکە تاکە کلیلێکی ئەفسانەیی بۆ کردنەوەی هەموو دنیاکان بوونی نییە! بۆ ئەوەی ئەو دنیایە بخوێنیتەوە پێویستت بە پلەبەندکردنی هەیە، ناشێ شتەکان تێکەڵ بەیەك بکەین.

## ناسنامە و ئاژاوە

ناسنامە قسەی زۆری لێکراوە و یەکێکە لە بابەتە پر ئیشکالەکانی دنیای هاوچەرخ، وەك چۆن بیروڕای زۆر لێکنزیك لەو بارەوە هەیە، بە هەمان شێوە راڤەکردنی زۆر جیاواز و جۆراوجۆریشی هەڵگرتووە... داریوشی شایگان لە کتێبی (ناسنامە بە چل روو)ەوە قسە لە ناسنامە وەك رووەکی ریزۆمییە یان جەزموور دەکات، ئەو وشەیە بنەرەتێکی لاتینی هەیە، مانای بەن، داو دەدات، ئاماژەیە بۆ داوەکان و چنین، تۆر و تێکئالآن و تانوپۆی داوەکان، ئەو قسەکردنە بۆ ناوی جۆرێك لە رووەك دەگەڕێتەوە "ریزۆمییە" "Rhizomatique"

قاچەکانی لە ژێر گڵ بە شێوەیەکی ئاسۆیی درێژ دەبێتەوە، لێپرسراوە بەرانبەر گەشەی ئەو رووەکە، هەموو ساڵێ خۆی نوێ دەکاتەوە، لە سەرەوەش بە شێوەیەکی دیار و بەردەوام هەموو شتێك دەخاتە نێو خۆیەوە، رزگاربوون لێی مەحاڵە، هەتا ئەگەر بیبریتەوەش، چونکە نە سەرەتای هەیە و نە کۆتایی، نە ئەسڵی هەیە و نە ئامانج، هیچ نییە جگە لە ریشاڵ، بەشێکی بچووك لەو رووەکە دەشێ گەشە بکات و نوێ بێتەوە و بەردەوام بێت. ئەو وشەیە لە سەردەمی ئەفلاتووندا بۆ سەیرکردنی جەستە و مێشك بەکار هێنراوە...

ژیل دۆلۆز-Gilles Deleuze 1926) (1995ی فەیلەسوف وەك شێوەیەك لە شێوەکانی بوونی جۆراوجۆر تەماشای دەکات و ئەو وشەیەی دژ بە فەلسەفەی دیکارت کە خەریکی دامەزراندن و رەگداکوتان بووە، هەروەها دژ بە فەلسەفەی هیگل کە درێژە بە جولە و نەشونما دەدات و ئامانجدار خۆی دەنوێنێ بەکاری هێناوە، تاکو لە ئۆرگانییەت و رێکخستن و ئامانجگەرایی رزگاری ببێت .

لە قسەکردن لە بارەی ئاڵۆزی ناسنامە وەك ئاڵۆزی رووەکی ریزۆمییەوە، قسەکردنە بەپێی خێرایی زەمەن و رۆشنبیری و دنیای تازەگەرییەوە.

لە بەدواداگەڕانی ناسنامەدا دەکەوینە ئاژاوەیەکی گەورەوە، وەك چۆن رووەکی ریزۆمی وێڵمان دەکات! ئەمڕۆ ناسنامە کۆمەڵێك رووە لە یەك کاتدا، ئەمڕۆ هەموو شتەکان لە یەك زەمەندا دەردەکەون، بەم جۆرەش ژیاری لە دنیادا هیچ هاوگونجانێ بە خۆوە نابینێ، سەرەرای ئەو هەموو جیاوازییە رۆشنبیرییە جۆراوجۆرە، لەگەڵ ئەوەشدا ژیارییەکی جیهانی گەورە دەرکەوتووە، ئەو ژیارییە جیهانییە بەرجەستەکردنی تەکنەلۆجیایە، تەکنەلۆجیا هەموو ماناکان لە خۆیدا ون دەکات و بەرەو وێرانەیی دەبێتەوە، بەو مانایەش دنیای هاوچەرخ هیچ ئامانجێکی لە پێشدا نەماوە، جگە لە گەڕانەوە بۆ دوێنێ و چاوپێداخشانەوەی دوێنێ نەبێت ...

لە دنیادا ئەوە فرەیی رۆشنبیرییە وای کردووە لە دوو رووەوە قسە لە ناسنامە بکەین، یەکەمیان تاك ناسنامەیی و تاك رۆشنبیری، دووەمیان فرە ناسنامەیی و فرە رۆشنبیری، ئەمڕۆ ئەو قسەکردنە، قسەی کۆمەڵگای یەکگرتووە و لە هەمان کاتدا قسەی کۆمەڵگای جۆراوجۆر و فرەیە! هەموو ئەو شێوە قسەکردنانەش پێوەندییەکی راستەوخۆی بە پەروەردە و فێرکردنەوە هەیە. دایوشی شایگان لەو کتێبەدا بایەخێکی زۆری بە دیالۆگ و مەیلە

نەتەوەییەکان و ورێنەکانیان دەدات و پێی وایە هەندێ جار قسەکردن لە ناسنامە بەرەو بنبەستبوون و بەبەردبوون دەبەن، چونکە مرۆڤی ناسیونالی لەگەڵ زمان و مەسەلەی کۆمەڵایەتی و مەسەلە تازەگەرییەکان بەیەکدادەچێت. بەو مانایەش شایگان بروای بە ناسنامە هەجین هەیە.

## ناسنامە بە چل ڕووەوە

ناونیشانی کتێبەکەی داریوشی شایگان لە بنەڕەتدا ناونیشانی شانۆگەرییەکی (فۆلکلۆر)ی ئیتاڵییە، لەو شانۆگەرییە پاڵەوانەکە جلێ لە چل پارچەی جیاواز دەپۆشێ و هەر پارچەی بە رەنگێکە. لە هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانەوە پێمان دەڵێت مرۆڤی ئەمڕۆ ئەگەرچی ناچارە وەك تاك و بە یەك روو دەربکەوێت، بەڵام لە ناوەوە جۆراوجۆرە و پڕە لە وەهم و تارمایی و پرە لە نەگوتن و بێدەنگی، پرە لە چێژ و ژانوژوار... کەواتە ئەگەرچی ناچارە تاکە ناسنامەیەك بخاتە گیرفانییەوە، بەڵام حەز دەکات هەڵگری چەندین رووی جۆراوجۆری ناسنامە بێت! مرۆڤی ئەمڕۆ لە فەزایەکی جۆراوجۆر پێدەگات، فەزایەك کە هیچ شتێکی تێدا روون و ئاشکرا نییە، هیچ کاتێك ناتوانین بۆ یەك رەگ بگەڕێنینەوە، ئێمە

ئەمڕۆ ناتوانین بە تەنیا لە زەوییەکی داخراودا بژین، لە ناوەوەی مرۆڤی ئەمڕۆدا مێژووی مرۆڤایەتی کۆ بۆتەوە.

ناسنامە لە فەزای ئیسلامی (عەرەبی، ئیرانی، تورکی...) شوێنێکی پڕ بایەخی داگیر کردووە، ئەگەرچی ئایین پاڵپشتێکی رووتی ناسنامە نییە! ناسنامە لە دنیای ئەمڕۆدا کراوەیە بەسەر هەموو ناشیرینی و جوانییەکان و پێتاندن و تێکەڵاوبوونەکان و لێکجیابوونەوە و پارچەپارچەبوونەکان و گۆڕانکارییەکان... هەموو ئەوانەش دەلالەت لە بەوەهمبوونی دنیا و بەتارمایی بوونی دنیا دەکەن، وەهمەکانی دنیا و تارماییەکانی لە ناوەوەی مرۆڤ رەنگی داوەتەوە، مرۆڤی هاوچەرخ تا پلەی تەقینەوە چالاکە .

ئەمڕۆ دنیا لە بەرانبەر کرانەوەیەکی گەورە و قەیرانێکی ئاوێتە و کراوە دایە، کە ناتوانین بیری لێبکەینەوە و دەستی بەزەیی بۆ درێژ بکەین، ئەمڕۆ دنیا لە کۆنترۆڵ دەرچووە، مرۆڤ لە کۆنترۆڵ دەرچووە، چۆن دەشێ چارەسەریان بۆ بدۆزینەوە! مرۆڤ کۆنترۆڵی خۆی ونکردووە، عەقڵ تراژیدیای لێ ون بووە، مرۆڤ لە دنیا ون بووە، عەقڵ لە تەکنەلۆجیادا ون بووە، هاوشانی

بەرەوپێشچوونەکانی تەکنەلۆجیا مەیلێکی رۆحی لە جولە دایە، بۆ نموونە فاڵگرتنەوە، بەو مانایەش بروامان بە عەقڵ لەق بووە، هەموو ئەو شتانەی لە ناوەوەمان روودەدەن، هەر تەنها مەیلی رۆحی نییە، بەڵکو سووربوونە لەسەر گەڕانەوە بۆ ئەفسانەکان.

مرۆڤ بیری لەوە نەدەکردەوە، کە دنیا بەو شێوەیە رووبەرووی تەقینەوەی زۆربوونی کۆمەڵە و ئایینەکان و نیمچە ئایینەکانی کۆمەڵگای خۆرئاوایی بێتەوە! هەر لە ساڵی (1992)ەوە نزیکەی چوار ملیۆن نوسخە لە کتێبی فیکری (بنەچە ئایینزاکانی کەنیسەی کاسۆلیکی) فرۆشراوە، کەچی رۆمانی ئەفسانەئامێزی (کیمیاگەر)ی پاولۆ کۆیلۆ دە ملیۆنی لێفرۆشراوە... ئەوە پێماندەڵێت دنیای ئەمڕۆ بۆ مەیلی رۆحانی و ئەفسانە و جۆرێك لە سەرسامبوون بە خورافات دەگەرێتەوە، بۆ عەقڵ و فیکر و بەدواداچوونی فیکری ناگەرێتەوە، بۆ مەسەلە ناعەقلانییەکان و خورافات دەگەرێتەوە، بۆ بەپیرۆزراگرتن و کرنووشبردن بۆ شتە نادیارەکان دەگەرێتەوە، بۆ مەیلی مندالانەی سەیر سەیر...

یەکێك لە دیاردەکانی شۆڕشی تەکنەلۆجیا دروستکردنی گۆڕانکارییە لە ناوەوەی مرۆڤ، ئەمڕۆ تەکنەلۆجیا لە حەقیقەتەوە دەمانگوازێتەوە بۆ

مەجاز، بەرەو واقیعێکمان دەبات، کە تێیدا کات و شوێن دەتوێتەوە، زەمان و مەکان بەنێو یەکدا چڕ دەبنەوە و دەمانخەنە واقیعێك لە حەقیقەتی هەنووکەیی راستەوخۆ، جۆرێك لە دەرککردن و وێنە و ناسنامەی هەڵواسراومان بۆ بەرجەستە دەکات، مرۆڤی ئەمڕۆ دەکەوێتە بەرانبەر رەنگدانەوەی ناسنامە و ناسنامەی مەجازی و ناسنامەی دیجیتالی...

دنیای ئەمڕۆ دنیای کەوتنی بیرکردنەوە و دەرکەوتنی بینینە، دنیای گواستنەوەیە لە ناوەوە بۆ دەرەوە، لێرە بۆ ئەوێ... ئەمڕۆ مرۆڤ لە بوونەوەرێکی پشتبەستوو بە گشت، گوازراوەتەوە بۆ بوونەوەرێکی پشتبەستوو بە تەکنەلۆجیا، ترسی تەکنەلۆجیا کۆتایی بۆ نییە. داریوشی شایگان پێی وایە ئەمڕۆ دنیا هەڵگەراوەتەوە و پێچەوانە بۆتەوە و پڕ بووە لە نێودژی، هەموو ئەو نێودژیانە دنیایان شێواندووە و هاوسەنگیان بۆ هیچ شتێك نەهێشتۆتەوە، ئەمڕۆ لە دنیادا هیچ شتێك دیار و زانراو نییە، هیچ بابەتێکی یەکلاکەرەوە لەو دنیایەدا بوونی نەماوە. دنیای ئەمڕۆ ئەگەرچی لە لایەك دنیای داهێنان و بەرهەمهێنانە و خۆی ئاوێنەیی دەنوێنێ، بەڵام بە دیوەکەی دیکە دنیای

پارچەپارچەبوون و هەڵوەشانەوە و وێرانبوونی دەرککردن و دنیابینی و بەها و بیروڕا و ئایدیۆلۆژیایە... شایگان دەڵێت خۆرئاوا هەم دەردە و هەم دەرمانە، ناسنامەش هەزاران روو و یەك رووی هەیە، بە هەزاران رێگا و رێگایەك خۆی دەشارێتەوە، بە مانایەکی دیکە بوونی ناسنامە بێژمارە و پرە لە شیانەیی و ئاوێتەبوون و نواندنکاری...

هەولێر 2017/7/19

## ئیدگار مۆران

ناسنامەی ئاوێتە

ئیدگار مۆران (Edgar Morin) فەیلەسوف و کۆمەڵناسی فرەنسی هاوچەرخ لە 8ی یۆلیۆ 1921 لە شاری (پاریس) لەدایك بووە. لە ساڵی 1940 کاتێك ئەڵمانیا وڵاتی فرەنسای داگیر کرد، مۆران هاوکاری پەنابەرانی کرد و چووە ریزی هێزی بەرگری فرەنسییەوە و ناوی (مۆران) وەك نازناوێك بۆ بەئەندامبوونی هێزی بەرگری فرەنسی بەکار هێنا و دواتر لە ساڵی 1941چووە ریزی حزبی شیوعی فرەنسییەوە... ئێستا لە رێکخراوی یونسکۆ وەك سەرۆکی وەکالەتی ئەوروپی بۆ کلتوور کار دەکات.

### عاقڵی شێت

دۆستۆفسکی لە هەمووان زێتر لە مرۆڤ گەیشتووە، دەستەواژەی "عاقڵی شێت" جوانترین تێگەیشتنە لە بارەی تراژیدیای مرۆڤایەتییەوە، جوانترین تێگەیشتنە لە بارەی نێودژییە مرۆییەکان، هەمان شت بەرانبەر لێکدوورکەوتنەوەی ناوەوەی مرۆڤ... دنیای دۆستۆفسکی دنیای ململانێی گومان و ئیمان، ئومێد و نائومێدی ...

له ڕۆمانی (گەمژە)دا دەنوسێت وەك من بزانم بەزەیی یاسایەکی جەوهەرییە، تاکە یاسایەکە بۆ بوونی هەمووان. دۆستۆفسکی هۆکاری سەرەکی بێداربوونەوەی فیکری فەلسەفی ئیدگار مۆران بووە! چونکە ئیدگار مۆران عاشقی نێودژییەکانی فەلسەفەیە و فەلسەفە لەلای ئەو خۆشەویستی نییە بۆ دانایی، بەڵکو بروابوونە بە شیعرییەتی ژیان، مۆران بروای بە مانای برایەتی و لێکنزیکبوونەوە هەیە و دەڵێت من بروادارم ئەو کاتانەی گوێ لە موزیکا دەگرم، ئەو کاتانەی لە دیمەنێکی سرووشتی رادەمێنم.

## سرووشتی ئاوێتە

یەکێك لە کتێبە گەورەکانی ئیدگار مۆران کتێبی میتۆد (La Méthode)لە بەشی شەشەمدا دەڵێت هیچ کاتێك پرسیارکردن لە بارەی مرۆڤەوە، وەك ئەمڕۆ ئامادەیی و چڕی وا زۆری بەخۆوە نەدیووە، پرسیارکردن لە بارەی ناسنامەی مرۆڤ، بە هەموو جیاوازییەکانەوە پرسیاری ئەمڕۆیی ڕۆشنبیرییە! ئەوەش بۆ ئامادەیی ئەو توندوتیژی و درندەییە ناگەڕێتەوە، کە بەرۆکی ژیاری ئێمەی گرتووە، چونکە هەرگیز مێژووی مرۆڤایەتی بێ

توندوتیژی نەبووە، بەڵکو پێوەندی بە ئامادەیی و چری خودی وێنەکانی توندوتیژییەوە هەیە، ئەو وێنانەی میدیاکان بۆ زێتر خۆ ڕەپێشخستن بەرزی دەکەنەوە.

پرسیارکردن لە مرۆڤ، پرسیارکردنە لە نێودژییەکان، پرسیارکردنە لەو نێودژیانەی بوونی مرۆڤ دەبرن... لە نێوان بونیادنان و وێرانکردن، تواناکانی مرۆڤ لە داهێنان سنووریان نییە، وەك چۆن شەیدایی مرۆڤ لە تێکدان و وێرانکردن و هەرەشەکردن لە ژیان سنوری نییە،... ئیدگار مۆران لە هەموو ئەو نێودژییانەی بوونی مرۆڤ دەبرن، پرسیاری ناسنامە بەرز دەکاتەوە و پێی وایە ناسنامەی مرۆڤایەتی لەسەر فرەیی وەستاوە، فرەیی رەقی لە بوونی خودی مرۆڤ، فرەیی دەرکەوتنی مرۆڤ وەك بوونێکی خالق و ئابووری و مەعریفی و هەڵچوونئامێز و ئارەزووخواز، مرۆڤ بوونێکی خێرخوازە وەك چۆن شەڕخوازە... بۆیە ناشێ تەنها لە روویەکەوە لە مرۆڤ نزیك بکەوینەوە، بەو مانایەش ناشێ بە سادەیی لە ناسنامەی مرۆڤ بروانین .

ناسنامەی مرۆڤ ئاوێتەیە، چ پێوەندی بە تاکەوە هەبێت، یان رۆشنبیرییەوە، ئێمە لە بەرانبەر

راستییەك وەستاوین، راستییەك كە پێوەندی بە چەمكی ناسنامەی ئاوێتەوە هەیە، ئەو ناسنامە ئاوێتەیە جیاوازییەكانی مرۆڤی لەخۆ گرتووە، نێودژیەكانی دەنوێنێ، ناتوانین لێی نزیك بكەوینەوە، تەنها لە رێگای فیكرێكەوە نەبێت، كە ئەویش ئاوێتەیە و بەسەر ماناكانی قەیران و ئاژاوە و كتوپڕی و دڵنیایی و .... كراوەتەوە، هەموو ئەوانەش جیاكارییەكانی بوونی ئێمەی پێك هێناوە! ئەو فیكرە ئاوێتەیە هەموو ئەو ئاژاوە و ئەو هەڵوەرینە بەیەكەوە دەلكێنێ، كە قابیلی بەیەكەوە لكان نین، كەواتە ئەوە ئەركی فیكری ئاوێتەیە، ناسنامەی ئاوێتە كەشف بكات .

ئیدگار مۆران حەقیقەتی بوونی مرۆیی لە سێ ڕەهەندی بەیەكەوەلكاودا دەبینێ: رەهەندی بایۆلۆجی، رەهەندی كۆمەڵایەتی، رەهەندی رۆشنبیری. ئەو سێ رەهەندەش سێ سنوور بۆ مرۆڤ دەستنیشان دەكەن: تاكگەرایی و كۆمەڵگا و جۆر، ئەگەرچی بشتوانین لێكیان جیا بكەینەوە، بەڵام ناتوانین لێكیان بكەین، بەو مانایەش تاك هەر لەنێو تایبەتمەندییە تاكگەرایی و بایۆلۆجییەكەی خۆیدا دەمێنێتەوە و رەهەندی رۆشنبیری هەموو جۆرەكانی مرۆڤ جیاوازی خۆیان هەیە و تایبەتمەندییە

کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگایەك لەگەڵ کۆمەڵگایەکی دیکە جیاوازی خۆی هەیە.

بنەماکانی ناسنامەی ئاوێتە لە "سرووشتی ئاوێتە"ی بوونی مرۆڤ دایە، بایۆلۆجیا و دەروون تایبەتمەندییەکانی تاك دەنوێنێ و تاکگەرایی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام ئەو تایبەتمەندییە جێگیر و هەتاهەتایی نییە، بەڵکو قابیلی گۆڕانە و بەپێی پرۆسیسەکردنی پێداویستییەکانی بوونی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری کاریگەری لەسەر تاك دروست دەکات و تاك بە رووی ئەوی دیکەدا دەکاتەوە. ئەو کرانەوە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییە بوونی مرۆییمان دیاری دەکات، بە هۆی ئەو پێداویستییە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەیە ناتوانین قسە لە تاکگەرایی ناسنامە بکەین و ئەوی دیکە لە خۆمان جیا بکەینەوە، وەك چۆن ناشێ بوونی تاك لە بوونی کۆمەڵگا و بوونی جۆرێکی دیاریکراو بتوێنینەوە, کەواتە مەسەلەکە پێوەندی بە سرووشتی ئاوێتە بوونی مرۆڤەوە هەیە، پێوەندی بە نێودژییەکانی ناخی مرۆڤەوە هەیە، پێوەندی بە ئاگایی ئەخلاقی و گەشەی نێوان تاك و کۆمەڵگاوە هەیە، ئاگایی ئەخلاقی پێوەندی بە هەر سێ رەهەندی تاك و کۆمەڵگا و رۆشنبیرییەوە هەیە. بەو مانایەش کردەی ئەخلاقی، کردەیەکی

ئیستاتیکییه، ئەو ئیستاتیکییەی کردەی ئەخلاقی بەرهەم دەهێنێ، تاك بە ئەوی دیکەوە دەبەستێتەوە، بۆ ئەوەی ئیستاتیکایەکی ئاوێتە بونیاد بنێ، ئیستاتیکای ئاوێتە سەرەتا خود ئاوێتەی خود دەکات، کە بشێ چاو بە خۆیدا بخشێنێتەوە و رەخنە لە خۆی بگرێت، بەڵام بەستێتەوەی تاك بە ئەوی دیکەوە، چەمکی ئیستاتیکای ئاوێتە و کراوە بەسەر ئەوی دیکە بەرهەم دەهێنێ، ئەو مەسەلەیەش پێوەندی بە ئاڵوگۆری نێوان خود و ئەوی دیکەوە هەیە و چەمکی پێوەندی هاوبەشی (continuity)لێ دەکەوێتەوە.

**فیکر و ئاینده**

مۆران لە کتێبی (فیکر و ئاینده، قسەکردن لە بارەی فیکری ئاوێتە) بەو شێوەیە قسە لە سادەیی دەکات و دەڵێت، سادەیی یان یەکێك یان زۆران دەبینێ، بەڵام نابینێ، کە یەك لە هەمان کاتدا زۆر پێکدەهێنێ! با مرۆڤ وەك نموونەیەك وەربگرین، مرۆڤ بوونەوەرێکی بایۆلۆجییە، لە هەمان کاتدا خودێکی رۆشنبیرە و لەناو فیکر و زمان و ئاگاییدا دەژی. ئەرکی مەعریفەی زانستی پشتبەستنە بە ویستی سادەیی و ویستی سادەیی لە کەشفیکردنی

سادەیی شاراوەدایە، سادەیی دەلالەت لە شاراوەی پشت فرەیی دیار و تێکچوونی دیاری نادیار دەکات.

زانایان پێیان وایە بەش الجزی و (molecule)یەکەی سەرەتایە، لە نەسەقێکی یان لە سیستەمێکی زۆر ئاڵۆز پێکهاتووە و ناتوانین لە دەوروبەری جیای بکەینەوە، سەرەڕای ئەوەش تێکچوونی فیزیایی لە ناوەوەی گەردووندا گەشە دەکات، ئەوەی بە گەرمی ناوی دەبردرێت، لە راستیدا دەلالەت لە ئاژاوەی بەشەکان یان گەردیلەکان دەکات .

گەشەکردن، بەرەو ژیانەوەی جۆرەکانی سرووشت و مردنمان دەکاتەوە... بەم جۆرە لەناوچوون و تێکچوون بە شێوەیەك لە شێوەکان بە دوای یەکدا دێن، وەك ئەوەی یەکێکیان دوژمنی ئەوی دیکەیان بێت. هیراکلیتس دەڵێت ئێمە بە هۆی مردنەوە دەژین، بە هۆی ژیانەوە دەمرین. واتا ئێمە بە هۆی مردنی خانەکانمان زیندوو دەبینەوە، وەك چۆن کۆمەڵگا بە هۆی مردنی تاکەکانی زیندوو دەبێتەوە.

فیکری ئاوێتە هەرگیز روونی و جێگیربوون و حەتمییەت رەتناکاتەوە، بەڵام دەزانی تێرای ناکەن و هەمیشە بیرمان دەخاتەوە (لە بیرتان نەچێ واقیع

لە گۆڕاندایە، نوێ دەتوانێ ببوژێتەوە، ئێمە پێویستە جۆرەکانی وێرانبوون بیر خۆمان بخەینەوە کە دیدی سادەیی داهێناوە). پێویستە تێبگەین هەر لە ڕۆژی لەدایك بوونەوە نابروایی و شیانەیی بەشی راستی ژیانی هەر یەکێکمانی لەسەر بونیاد نراوە، هیچ کەس لە ئێمە نازانێ دواتر دووچاری چ نەخۆشییەك دەبێت، یان لە ژیاندا چارەنووسی بە چی دەگات، بەڵام دەزانێ دەمرێت، ئەگەرچی ڕۆژی مردنی خۆی نازانێت، چونکە مێژوو لەسەر کتوپری و لەناکاویی و نادڵنیایی وەستاوە ...

بەم جۆرە سادەیی و کورتبوونەوە بۆ یەکەی سەرەتایی جۆراوجۆری مەعریفی، وەك گەردیلە لە فیزیا و خانە لە زانستی ژیان و ئاوێتەبوون لە گرامەری زمان... وەك یەکەی نەشیاوی هەڵوەشانەوە و یەکەی شیاو بۆ دەستبەسەرداگرتن و پێوانەخوازی هەژموونی خۆیان هەیە، سیستمی سادەیی، بە ڕێکخستنی گەردوون هەڵدەستێ لە ڕێگای کورتبری و جەوهەری داخراو و جێگیر و پاك و بێگەردی و نەمری، کە نە لەناوچوون ناس دەکا و نە تێکچوون دەناسێ .

فیکری ئاوێتە پەیبردنە بە فرەیی مەعریفە، فیکری ئاوێتە پەیبردنە بە ڕەهەندەکانی مەعریفە، بەڵام

یەکێك لە بەڵگەنەویستەکانی ئاڵۆزی فیکری ئاوێتە، ئەوەیە کە چۆن تەواوی مەعریفەکان دەگوازێتەوە، ئەوەش لە بروابوون بە ناتەواوی مەعریفەوە دێتە بەرهەم، لە نابرواییەوە بەدی دێت .

کەواتە ئاڵۆزی چییە؟ مۆران دەڵێت ئاڵۆزی لە پێکهاتە لێکدوورەکان چنراوە، ئەو پێکهاتە چنراوانەی کە ناتوانرێت لێکیان بکەینەوە، ئاڵۆزی لە رووداو و کردە و کارلێککردن و هەڵگەڕانەوە و رووبەرووبوونەوە و کتوپڕی دنیای دیاری ئێمە چنراوە، بەڵام بە شێوەیەکی پڕ لە نیگەڕانی، تێکەڵ بە یەکتر بوونە، ئەو ئاوێتەبوونە شیاوی لێك جیابوونەوە و تێکچوون و نابروایی نین، بەو مانایەش زیندووبوونەوەی فیکری ئاوێتە هەمیشە پێوەستە بە نیگەڕانی و گرژی نێوان پەیبردن بە بەشەکان و پەیبردن بە ناپارچەیی و کورتنەکراوەیی مەعریفە، هەروەها دانىنان بە کەموکوڕی و ناتەواوی مەعریفەکان .

مۆران دەڵێت خودی ئەو نیگەڕانی و گرژییە ژیانم دەجولێنێ، بۆیە هیچ کاتێك ناتوانم خۆم رادەستی مەعریفە بەشکراوەکان بکەم، وەك چۆن ناتوانم هیچ بابەتێك لە ناوکۆیی و پێشەکی و رێچکەکەی خۆی دابڕم و دراسەی بکەم، هەمیشە بیر لە فرەیی

ڕەهەندەکانیان دەکەمەوە، هەمیشە پێم وایە حەقیقەتە قووڵەکان ململانێی یەکتر دەکەن، ئەوەی بۆ من تەواوە، بۆ ئەوی دیکە دەشێ پڕ بێت لە کەموکوڕی. کەواتە هیچ ناوکۆییەك لە یەك ڕەگەز پێك نەهاتووە، ناتوانین لە هیچ ناوکۆییەك بگەین، ئەگەر دەوروبەرەکەی نەکەینە قوربانی، کەواتە وەك ئەوەی مۆران بۆی دەچێت واقیع پێوەستە و لە هەمان کاتدا لێك جیاشە، واقیع دەکەوێتە نێوان ناوکۆیی کراوە و دەوروبەرەکەی، ناسنامەش هەمیشە بە ئاوێتەیی دەمێنێتەوە .

هەولێر 2017/7/17

## ئەمین مەعلوف
## بەجیهانیبوون و ناسنامە

((ئەمین مەعلوف)) نووسەر و رۆشنبیری هاوچەرخی عەرەبی، لە نووسینی رۆماندا ئەزمونێکی تایبەت بە خۆی بونیاد ناوە و لە میانی ئەو ئەزموونەشدا مێژوو وەك پێکهاتەیەکی سەرەکی و وەك بنەمایەك بۆ تێرامان لە ئێستا دەخاتە روو، هەر لەوێشەوە سەفەر بە ناو شوێن و کاتدا دەکات و دەیەوێت لەو سەفەرانەوە ژیارییەکان بدۆزێتەوە، لەوێشەوە بەرەو ناخی مرۆڤ شۆڕبێتەوە .

کتێبی ((ناسنامە بکوژەکان)) شێوازێکە دوور لە شێوازی رۆماننووسین، بەڵام وەك چۆن لە رۆماندا بەرەو ناخی شتەکان شۆر دەبێتەوە لەم کتێبەشدا قسە لە ئاڵۆزی و ململانێ ئەنتیکەییەکان دەکات و رەگەزە زاڵ و رەگەزە چەپێنراوەکانی ناسنامە دەخاتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، بە زمانی چەمك و گۆڕانکارییە چەمکییەکانەوە قسە لە لێبوردن و یەکسانی و ئازادی و ماف دەکات، هەر بەو مانایەش هەوڵی لێکنزیکبوونەوەی رۆشنبیری ئەمڕۆ و دوێنێ

دەدات، باس لە پێکهاتەیەکی رۆشنبیری فرەرەهەند و جۆراوجۆر دەکات.

((ئەمین مەعلوف)) دەڵێ: نووسین نیشتمانی منە، بەڵام ئەگەر زمان بە نیشتمان دابنێین، دەڵێم من بە سێ نیشتمانەوە پێوەستم، یەکەمیان زمانی دایکمە زمانی عەرەبی، دووەمیان زمانی تەعبیرکردنمە زمانی فرەنسی، پاشان بە پلەی سێیەم پێوەستبوونێکی هاوڕێیانە و تایبەتیم بە هۆی خێزان و مێژووەوە بە زمانی ئینگلیزییەوە هەیە... وەك لە کتێبی ((ناسنامە بکوژەکان))یش دەردەکەوێت بەردەوام پارێزگاری لەو فرەییەی زمان دەکات و بە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی رۆشنبیری دەیداتە قەڵەم .

ئەمین مەعلوف خاوەنی رۆمانی ((لیون ئەفریفی))یە، بۆ حەڤدە زمانی زیندووی دنیا تەرجەمە کراوە، ساڵی 1986 لە پاریس دەرچوو (300) هەزار دانەی لە فرەنسا لێ فرۆشرا، جگە لەو چاپکراوانەی بە شێوەی کتێبی گیرفان بڵاوکرانەوە، ئەو رۆمانە لە (40) وڵاتدا دابەشکراوە، ئەو پیاوە خاوەنی رۆشنبیرییەکی فرەیە، بۆیە بە یەکێك لە رۆشنبیرە یونیڤێرسالەکان

ناوی دەرکردووە ((بۆ زانیاری زێتر بروانە گۆڤاری ((الوسگ)) ژ 446- 2000/8/14))

**ناسنامە بکوژەکان**

بەجیهانیبوون رستێك پرۆسەی یەکانگیر و تێك چرژاوە، خۆی لە بزاڤ و بیر و سەرمایە و زانیارییەکان بەرجەستە دەکات و هەر لەوێشەوە دەلالەت لە ئابووری ئەلکترۆنی و راگەیاندن و بوارەکانی تەلەفزیۆن و ئەو واقیعە دەکات، کە لە ئاکامی شۆڕشی زانیارییەکان سەرچاوە دەگرێ .

لە سەردەمی بەجیهانیبووندا ملیۆنان دەبینین لە نێوان جەختکردنی ناسنامە و ونبوونی ناسنامەدا دەژین، لە نێوان ئوسولییەت و هەڵوەشاندنەوەی ئیختیارەکان، تەواو خۆیان ون کردووە، بەڵام دەبێ بزانین بەجیهانیبوون وەك گۆڕانکارییەکی مێژوویی، یان بەخششی تەکنەلۆجیا، مەترسی بایەخەکەی لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن وەستاوە! کەواتە پێویستە دەرگا لە ناسنامەکان بکەینەوە، پێویستە جیاوازییەکان وەك جیاوازی تەماشا بکەین، دەرگا لە رەگەزەکانی پێناسە بکەینەوە، دەبێ بزانین ویژدانی زیندوو لە فرەرەنگی دایە، یان بەرجەستەکردنی رەنگێك بەسەر تەواوی رەنگەکانی

دیکە، یان بەرجەستەکردنی تەنیا رەگەزێك لە رەگەزەکانی ناسنامە، چونکە رەتکردنەوەی ئەوی دی دنیایەك وێنە دەکات، کە ستەم تێیدا باڵادەستە، دنیایەکی تۆتالیتێر، دنیایەك کە پێویستی بە بەرەیەك لە ستەمکار و خوێنرێژ  هەیە، ئەمڕۆ ئەو بیرکردنەوەیە، بیرکردنەوەیەکی میتۆلۆژیانەیە، بیرکردنەوەیەکە پشتبەست بە حیکایەتە گەورەکان، ئەو جۆرە لە بیرکردنەوە راستەوخۆ دەلالەت لە فەرامۆشکردنی جیاوازییەکان دەکات، ئیرادە و هێزی مرۆڤ دەخاتە پەراوێزەوە، راستەوخۆ فەرامۆشکردنی ئیرادە و ئیبداعە .

((ئەمین مەعلوف)) دەڵێت: تاوانێك کە بەناوی بیروڕا دەکرێت، خودی بیروڕاکە تاوانبار نییە، چونکە ((دەق)) کار لە حەقیقەتی دنیا ناکات، تەنها لە دووتوێی بۆچوونی ئێمەوە نەبێت، لە هەر سەردەمێکدا چەند رستەیەك دەروا، چەند رستەیەك کە نابینین، ئەو لایەنەی دەمانەوێت بەرجەستەی بکەین، ئەگەر بەشێکی پێوەندی بە زمانی چەمك و رۆشنبیرییەوە هەبێت، بەشێکی راستەوخۆ پێوەندی بە یادەوەرییەوە هەیە، بەڵام چۆن دەتوانین لە دەرەوەی یادەوەرییەوە لە رێگای دووبارە فۆڕمەلەکردنی پێکهاتەکانی فیکرەوە خوێندنەوەی

جۆراوجۆر ئەنجام بدەین، دەشێ ئەو پرسیارە دەرهاویشتەی ئەو بۆچوونەی ((ئەمین مەعلوف)) بێ، کاتێك دەڵێ: چۆن دەتوانین بڵێین ((پۆل پۆت)) پێوەندی بە مارکسییەوە نییە؟ رژێمی ((بینۆشیە)) پێوەندی بە مەسیحییەتەوە نییە؟ پاشان دەپرسێ ئایا بە راستی لە مەسیحییەت لێکبووردن هەبووە، مەسیحییەت رێزی ئازادی گرتووە، دیموکراسی بووە؟ با بۆ ئەمە کتێبە مێژووییەکان هەڵدەینەوە! چەمکی ((لێبوردن)) پێوەندی نێوان لێبوردە و لێبوراو دەسەپێنێ، ئەوەی ئەو پێوەندییەش رێك دەخاتەوە جگە لە ((هاوسەنگی)) هێز شتێکی دیکە نییە، واتا چەمکی لێبوردن هیچ کاتێك رێزگرتنی ئەو بیروڕایانە ناگرێتەوە، کە ناکۆکن لەگەڵیاندا، بەڵکو ئێمە لە یەکێك دەبوورین کە ناتوانین رێگای لێ بگرین، ئەوەی کە دەشبورێ لاوازە، دەشێ کاتێك بەهێز بێت بە پێچەوانەوە نەبوورێ، دووبارە با کتێبە مێژووییەکان هەڵدەینەوە، چەندین چەوساندنەوە و ئازاردان و کوشتن و برین و حورمەتشکاندنی مرۆڤانەمان بەرچاو دەکەوێت، بەناوی ئایینەوە کراوە، زۆر جاریش پێوەندی بە رەگەزی ئایینەوە نییە، بۆ نموونە حاڵەتی ((ستالینی)) کە دژ بە ئایینە

—یان نازییەت کە رەگەزپەرستییە و ئایین فەرامۆش دەکات...

کتێبی ((ناسنامە بکوژەکان- چەند خوێندنەوەیەك بۆ ئینتما و بەجیهانیبوون- وەرگێرانی بۆ عەرەبی- دکتۆر نەبیل موحسین/ 1999-سوریا)) دەڵێ ئەگەر پێکەوە ژیانی مەسیحی و موسوڵمانان لێکبووردن بگەیەنێت، کەواتە دەبێ لەبیرمان چوو بێت، کە وشەی کاسۆلیك لە مانا زمانەوانییە یۆنانییەکەیدا واتای (( سەرتاپا و گشتی و جیهانی)) دەگەیەنێت، پاشان ئەو کاتەی مەیلی ناسیۆنالی لە ئەوروپا لە هەرەت دابوو ((لێکبووردن)) ملکەچی بەرژەوەندییەکانی ((ناسیونال)) کرابوو.هەموو ئەوانە پێمان دەڵێن لێکبووردن لەگەڵ لێکنەبووردن ناکۆك ناکەوێتەوە، بەڵکو سەرەوژێرکردنیەتی، هەردووکیان جۆرێکن لە زۆرداری و کەڵەگایی، یەکەمیان مافی ئازادی و ویژدان بە خۆ دەبەخشێ و دووەم رێگا بە خۆ دەدا پەردەپۆشی بکات.

کەواتە قسەکردن لە لێکبوردن بۆ خۆی دەلالەت لە کەڵەگایی دەکات، ئەوەی جێگای قسەکردنە ئەوەیە، کە لە دەرەوەی ((لێکبوردن و لێکنەبوردن)) وەك هاووڵاتی بە یەکسانی سەیری مرۆڤ بکەین،

مامەڵەیەکی مرۆییانە لەگەڵ یەکتردا بەئەنجام بگەیەنین، پێویستە هاووڵاتی تەواوی مافەکانی پارێزراو بێ، جا موسوڵمان بێ یان مەسیحی یان کافر، پرسیار ئەوە نییە کامە رەگەز لە رەگەزەکانی ناسنامە بۆ چوونە ناو ژیان و بەجیهانیبوون بەرجەستە بکەین، بەڵکو پرسیارەکان لە ئیرادەی تاك و ئیرادەی دەستەجەمعییەوە بەرز دەبێتەوە، ئەو پرسیارانەی پێشکەوتنی خۆرئاوا و دواکەوتنی خۆرهەلاّت دەخاتە روو.

خۆرئاوا و تاکی خۆرئاوایی ئەو کاتەی ئیرادە و خواستەکانی خۆی پراکتیزە دەکرد و بە فۆڕمەلەکردنی فیکر و مەعریفەوە خەریك بوو، ئەو کات خۆرهەلاّت بە ئاراستەیەکی پێچەوانە دەرۆیشت... جیهانی ئەمڕۆ، ئەگەر و رووداوەکانی بۆ ساتەوەختی دامەزراندن دەگەڕاندەوە، کاتێك قسە لەوە دەکەین خۆرئاوا پێشکەوتووە، بەلاّم خۆرهەلاّت ((سەلەفیەت)) بێهیوایە، لێرەوەیە خۆرئاوا بەو هەموو مێژووە خوێناوییەی بەو هەموو رەگەزپەرستییەی بەو هەموو تۆتێلیتێرو بەو هەموو وێنە نابووت و ناشرینانەیەوە رێزی مرۆڤ و مافەکانی مرۆڤ و ئازادی بەرز دەکاتەوە... ئیسلام خۆی بە کانگای ژیان و ژیاری دەزانێ کەچی

لەوپەری پەرگیریدایە، هەر لە سەیرکردنی ئەو مەسەلانەشەوە ئەو پرسیارەمان بیر دەکەوێتەوە، ئایا ئایین دەشێ لەگەڵ مرۆڤ ڕێ بکات؟ گەل چۆن کەوتە ژێر کاریگەری ئایین، شیوعییەت چی لە روسیا کرد، روسیا چی بەسەر شیوعییەت هێنا؟؟ ئەو رستانە لە کتێبەکەی ((ئەمین مەعلوف)) ئەوەمان پێ رادەگەیەنێ کە دەشێ هەموو ئیشکالییەتەکان، هەموو جیاوازییەکان بەشداری لە پێشکەوتنی فیکردا بکەن، دەشێ ئەرکی خۆمان لە زەمەنی خۆیدا رابگەیەنین، بەڵام کاتێ دەبێ بۆ ئایین بگەرێنەوە، ساتەوەختی دامەزراندن، کاتێ سنورێکی سوور بۆ شیوعییەت دادەرێژرێ، کاتێ فیکر دەخرێتە چوارچێوەیەکەوە، مەعریفە بە رەها تەماشا دەکرێ، ئیتر تراژیدیاکە دەست پێ دەکات، ئیتر بزاڤەکان لە گۆ دەکەون، گۆڕانکارییەکان بە بنبەستبوون دەگەن، ئیتر شتێ نییە پێی بگوترێ جیاوازی و فرەرەنگی، پێی بگوترێ داهێنان و بیروڕای جیاواز، ئیتر لێرەدا هەژاری خوێندنەوە و کەمخوێنی مەعریفە بە دیاردەکەوێت، ئیفلیجبوونی فیکر بەرجەستە دەبێت.

راستە رووداوەکانی دنیا دیار نین، بەڵام کۆمەڵگایەکی دۆگماخواز، کۆمەڵگایەکی هەژار بەرانبەر کەمترین و بچووکترین ئەگەر و رووداو چی

لەدەست دێ... هەرگیز بەرەوپێشچوون پێوەندی بە ئایینەوە نییە، تۆ ناتوانی بڵێیت خۆرهەڵات ((جیهانی ئیسلامی)) بۆیە پێش ناکەوێ چونکە موسوڵمانن و خۆرئاوا بۆیە پێش دەکەوێت چونکە مەسیحیین، بەڵکو پێشەکەوتن پێوەندی بە ئیرادەی تاك و داهێنان و ئیرادەی دەستەجەمعییەوەیە هەیە! ئایا مەسیحی خۆرئاوای نوێ کردۆتەوە، ئایا نوێکردنەوە لەگەڵ ئایین دژ ناکەوێتەوە، ئایا نوێکردنەوە تەواودەرچوون نییە لە ساتەوەختی دامەزراندن و سنووره دارێژراوەکان؟.

ناسنامە بەردەوام بە هۆی رەنگەکانەوە تەعبیر لە خۆ دەکات، بە هۆی فرەرەنگییەوە رووناکی خۆی دەبەخشێ، لە رێگای فرەرەنگی و هاوگونجانی رەنگەکان هارمۆنییەت دروست دەکات، ئەمرۆ ناسنامە بەقەد ئەوەی ئاکامی پێوەندییەکی کراوە و پربەخشش و پرکردەیە لەگەڵ ئەوی دیکە، بەقەد ئەوەی تەعبیر لە مانا بەرفراوانەکەی ژیان و رێکخستنی ژیان دەکات، ئەوەندە بە تاکمانایی و تاکرەنگی و دەلالەتەوە پێوەست نییە، ئەوەی کە تاکی خۆرئاوایی لە خۆرهەڵاتی جیادەکاتەوە قبوڵکردنی جیاوازییەکانە، کەواتە بەجیهانیبوون تێکشکاندنی نێرگزییەتی رۆشنبیرییە و کرانەوەی

ئاسۆ نوێیەکانی بەیەکگەیشتنی مرۆییە، بە دیوەکەی دیکەش قسەکردن لەسەر بەجیهانیبوون قسەکردنیشە لەسەر کۆی ئەو چەمکانەی سەرەوژێر کراون، یان گۆڕانێکی یەکلاکەرەوە و بەرفراوانی بەسەردا هاتووە! بەو مانایەش بەجیهانیبوون ئیرادە و ئیبداعە و تەعبیر لە رۆحی سەردەم و ویژدانی زیندووی مرۆڤانەمان دەکات.

ئەوەش مانای ئەوە نییە کە بەرەوپێشچوون بێ ئیشکالییەتە، بەڵکو بەو مانایەیە کە بەرەوپێشچوون هەموو رەنگەکانی قبوڵە. کەواتە بە جیهانیبوون ئەو بزاڤ و کرانەوە و هاوگونجانە لەبنەهاتووەیە، کە بەردەوام بەرەو گۆڕانمان دەبات. پاشان بەجیهانیبوون هەر تەنها ئەوە نییە، چۆن خۆمان بگونجێنین، خۆی ئەوە گرفتە، بەڵام لە پاڵ ئەوەش گرنگ ئەوەیە چۆن دەتوانین رەگەزە زیندوو و مردووەکانی کەلەپور لێك جیا بکەینەوە، چۆن دەتوانین رەگەزە زیندووەکان لەگەڵ رۆحی سەردەم بگونجێنین، ئایا هیچ تازەگەرییەك دەتوانێ لە بۆشایی هەڵقوڵێ؟ کەواتە تۆ بۆ ئەوەی بڵێیت (هەم) پێویستت بە پانتاییەك هەیە لەسەری بوەستی، بەو مانایەش گەڕانەوە بۆ ناسنامە گەڕانەوەیە بۆ خود، بەڵام خودێکی دۆگما، خودێك کە هەموو جوڵەکانی،

هەموو حەزەكانی كۆنترۆڵ كرابێ، خودێك كە سنوورێكی دیاریكراوی بۆ دارێژرابێت، بەرانبەر كۆمەڵێك پیرۆزی كرابێتەوە دەبێت لەو هەموو فرەرەنگییە چاوەروانی چی لێ بكەیت، بەرانبەر ئەو هەموو پێشكەوتنە خێرایانە چۆن دەوەستێ، بەو هەموو هەژارییە چۆن دەتوانێ بیركاتەوە، لەبیرمان نەچێ هەموو سنووردانانێك بۆ جوڵەكانی مرۆڤ دواجار سنووردانانێكیشە بۆ بیركردنەوە، دەستنەبردن بۆ هەموو حەرام و قەدەغە و پیرۆزییەكان دواجار دەستنەبردنە بۆ فیكرو عەقڵ، هەر خودێك نەتوانێ تەجاوزی سنوورەكانی حەرام و پیرۆزی بكات، نەتوانێ بجوڵێتەوە، چۆن دەتوانێ بەشداری پێشكەوتنەكانی دنیا بكات، ئازادی و بیركردنەوەی ئازاد لەوەدایە بتوانێ هاوگونجانێ لەگەڵ بەرانبەر بسازێنێ، نەك بە دابراو و پەرگیری بمێنێتەوە، كاتێ دوورەپەرێز و پەرگیر و دابراو دەبیت هەمیشە هەست بە بێهێزی و بێهیوایی و كپبوون دەكەیت، وەك ئەوەی هەموو ئەو شتانەی لە دەرەوەی سنوورەكانی تۆ دەكرێت هیچ پێوەندی بە تۆوە نەبێ، ئا لێرەوە هەریەك لە رەگەزەكانی ناسنامە بەرەو لایەك پەلكێشمان دەكا و دنیایەك ناكۆكی لە ناوەوەماندا دروست دەكات و كەسێتیمان

پارچەپارچە دەکات، بەردەوام وا هەست دەکەیت ناسنامە هەرەشەی توندی لەسەرە، بەردەوام وا هەست دەکەیت لە وڵاتێك دەژی ئەوی دی داگیری کردووە، بەڵام پرسیار ئەوەیە چۆن ئێمە بتوانین وێرای کلتووری خۆمان، بێ ئەوەی بۆ رەگەزە مردووەکانی ناو کلتووری خۆمان بگەڕێینەوە، ئینتمانی کلتووری ئەوی دیش بکەین. تۆ هەرگیز ناتوانی تەواوی کەلەپوری خۆت بە مردوو دابنێیت، چونکە بەردەوام لەگەڵ کۆمەڵێك رەگەزی زیندووی کەلەپوردا دەژی، ئەوە رەگەزە زیندووەکانن بەشێك لە تاریکی داهاتووت بۆ رووناك دەکاتەوە، ئەوە رەگەزە زیندووەکانن لەگەڵت رێ دەکەن، کەواتە نابێ هەرگیز سڵ لەوە بکەیتەوە کە بەشێك لە پێشکەوتن دەستێکی تۆیشی تێدایە، هەرگیز نابێ بە پێشکەوتن نامۆ بین، وەك ئەوەی تەنها ئەوی دی بەرهەمی هێنابێ، گرنگ ئەوەیە تۆ سنوورەکانت بشکێنی و تەجاوزی قەدەغەکراوەکان بکەیت، گرنگ ئەوەیە تۆ بە ئازادی بیرکەیتەوە، نەك لە دووتوێی سنوورێکی دیاریکراو، چونکە ئەگەر بە ئازادی دەست بۆ شتەکان نەبەیت، چۆن دەتوانی تێبگەیت، کاتێ نەتوانی لە هەموو شتەکان بگەیت چۆن دەتوانی راڤەیان بکەیت، راستە ئەم رستەیە جۆرێکە لە

بەکارهێنانی عەقڵانییەت، بەڵام هەرگیز بە مانای ئەوە نییە، کە دەلالەت لە تەواوی عەقڵمان بکات وەك (کلۆد لیڤی شتراوس 1908-2009) لە ((الاسطورة و المعنی))دا ئاماژەی بۆ دەکات، چونکە هەر یەك لە خۆرهەڵات و خۆرئاوا، هەر یەکێك لە ئێمە بە هەموو جیاوازیەکانییەوە بەپێی پێداویستییەکانمان برێکی دیاریکراو لە عەقڵ بەکاردەهێنین، یان دەبێتە شوێن بایەخمان،(شتراوس) هەر لە خودی ئەو تێزەوە پێی وایە هیچ جیاوازییەك لە نێوان بیرکردنەوەی بەرایی و عەقڵی هاوچەرخدا نییە، کەواتە گرنگ ئەوەیە ئاستی پێداویستییەکان لە رێگای ئیبداعەوە بەرز بکەینەوە، کاتێ ناسنامە دەتوانێ بوونی خۆی نیشان بدات کە هەڵگرانی دان بە ئیبداعەکانیان دابنێن، چونکە تەنها لەژێر هەلومەرجی پێوەندیدا دەتوانێ شتێك بەرهەم بهێنێ، نەك وەك بوونەوەرێکی بەرهەمخۆر، بۆ ئەوەی لە بەجیهانیبوون بەشدار بیت، دەبێت کۆمەڵێك پێوەندی جۆراوجۆر لەگەڵ ئەوی دی بسازێنی، دەبێ لەگەڵ رۆحی سەردەمدا بژیت، ئەوەی سڵ لە تواناکانی خۆی دەکاتەوە، دابراو و پەرگیرە، سنوورێکی دیاریکراوی بۆ بیرکردنەوە هەیە، ئاراستەکانی بیرکردنەوەی

دیاریکراو و کۆنترۆڵکراوە، ناتوانێ بە تەواوی بیر بکاتەوە، بە ئازادی بژی، بوێرانە هەنگاو بنێت!

## ئێدوارد سەعید

## ئێشکالیەتی ناسنامە

یەکەمین کتێبی ئێدوارد سەعید لە ساڵی 1966 لەسەر رۆماننووسی (پۆڵۆنی) (جۆزێف کۆنراد 1857-1924) بوو، کۆنراد لە بری زمانی پۆڵۆنی و فرەنسی بە زمانی سێیەمی ئینگلیزی نووسیویەتی و لە ئەدەبی جیهانیدا تاکە رۆماننووسێکە ناوەرۆك و شێوازی بە یەکەوە رێ بکەن، هیچ کەسێك وەك ئەو نەیتوانیوە لەبارەی نامۆیی و پەرگیرییەوە بنوسێ، هیچ کەسێك وەك ئەو لە نیگەرانی و مۆتەکە قاڵ نەبۆتەوە، هیچ کەسێك وەك ئەو سترێسی (stress)ناخی خۆی دەرنەبریوە، هەموو ئەوانەش بۆ ئەوە دەگەرێنەوە، کە لەنێو زمانێکدا ژیاوە و بە زمانێکی دیکە نووسیویەتی! وەك چۆن ئێدوارد سەعید لەنێو زمانی عەرەبیدا ژیاوە و بە زمانی ئینگلیزی نووسیویەتی... لە کتێبی یادەوەرییەکانی بە ناونیشانی (لە دەرەوەی شوێن)دا دەڵێت: ناسنامەی من لە کۆمەڵێ شەپۆڵ و بزاڤی جۆراوجۆر پێکهاتووە، نەك کۆمەڵێ رەگەزی جێگیر و بنبەستوو .

ناوبانگی ئیدوارد سەعید لە کتێبی (ڕۆژهەڵاتناسی) ساڵی 1978 دەرکەوت، لەو کتێبەدا ڕۆژهەڵاتناسی بە ئیمپریالیزمەوە بەستۆتەوە، ئەو تێزە لەسەر ئەدەبی کۆلۆنیاڵی و ڕۆمانەکانی (جۆزێف کۆنراد) و میتۆدی بونیادگەری و کارەکانی (میشیل فوکۆ 1926-1984) و (ژاك دریدا 1930-2004) و هتد، بونیاد نراوە. کتێبی ڕۆژهەڵاتناسی دیاردەی مێژوویی لە چوارچێوەی مێژووی پێوەندییە مرۆییەکاندا شی دەکاتەوە، ئەو کتێبە کاریگەری زۆری لەسەر تیۆری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی و زانستە مرۆییەکان دروست کرد.

ئیدوارد وەدیع سەعید لە 1ی نۆڤەمبەری 1935 لە شاری (قودس) لە دایك بووە و لە 25ی سێپتەمبەری 2003 بە نەخۆشی (لۆکیمیا- سرگان الدم) کۆچی دوایی کردووە، زێتر وەك تیۆریستێکی ئەدەبی و ئەکادیمییەکی جیاواز ناسراوە، بەڵام پیانۆژەنێکی زۆر لێهاتووش بووە، هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەمریکییە و بۆ ماوەی سی و هەشت ساڵ لە زانکۆی کۆلۆمبیای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا وانەی ئینگلیزی و ئەدەبی بەراوردکاری گوتوەتەوە، یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی پۆست کۆڵۆنیالیزم، وەك چۆن یەکێك بووە لە

سەرسەختترین بەرگریکارانی مافەکانی مرۆڤ و دۆزی گەلی فەڵەستینی... ئیدوارد سەعیدی چەپ و سیکولەر و مرۆڤدۆست و تازەگەر، زۆر رادیکاڵانە هاوسەنگی مرۆییانەی خۆی لەگەڵ سەردەم و دنیا و دنیای ئیسرائیل و ئیسرائیلییەکان راگرتبوو و هەموو دەسەڵاتە ستەمکارەکانی سەرکۆنە کردووە و خاوەنی پێشنیاری پرۆژەی پێکەوەژیان لەگەڵ یەهودییەکان بوو... لە کتێبی (سیاسەتی چەکداماڵین-1994) دەڵێ تا کەی (هۆلۆکۆست) و (دژایەتیکردنی سامییەت) وەك بەرگریکردن لە ئیسرائیل بەکار دەهێنن؟ تا کەی چاوپۆشی لە هاواری منداڵانی (غەززە) دەکەن، کە هیچ پێوەندییەکی بە قوربانییەکانی هۆلۆکۆستەوە نییە ...

ئیدوارد سەعید ساڵی 1999 بە هاوبەشی لەگەڵ (دانێڵ باربنیۆم) تیپی ئۆرکسترای (دیوانی شەرقی و غەربی) دامەزراندووە، یەکێك بووە لە پیانۆژەنە زۆر بەناوبانگەکان، هەر لەگەڵ ئەو هاوڕێیەی ساڵی 2001 گفتوگۆیەکیان لە بارەی موزیکاوە لە شێوەی کتێب بە چاپ گەیاندووە ...

ئیدوارد سەعید بروای بە ناسنامەی پەتی نییە، هەموو ناسنامەکان بە ئاوێتە و جۆراوجۆر و جیاواز دەبینێ، پێی وایە چەمکی ناسنامە نە جێگیرە و نە کۆتایی بۆ هەیە، بەڵکو بەردەوام لەگەڵ رەگەزەکانی رۆشنبیری داهێنەرانە لە نوێبوونەوە دایە و هەمیشە دینامیکی دەکەوێتەوە.

ئیدوارد سەعید رۆشنبیرێکی رەخنەگرە و خۆی لە ئەوی دیکەدا دەبینێتەوە و ئەوی دیکە لە خۆیدا دەبینێتەوە، بێ ئەوەی بکەوێتە سادەگۆیی و گێرانەوەی بۆش، بەڵام نە تاکخوازییەکەی بە تاکناسنامەییەوە دەلکێنێ و نە گرتنەباوەشی ئەوی دیکە لە خودی خۆی جیا دەکاتەوە، بەڵکو بە گرتنەباوەشی ئەوانی دیکە ناسنامەیەکی فرەڕەهەند بۆ رۆشنبیری فرەرەهەند بەدەست دەهێنێ، پێی وایە ناسنامە هەڵگری بنەمایەکی رۆشنبیرییە، وەك هەر بنەمایەکی دیکەی رۆشنبیری گوزارشت لە ویستی هێز دەکات، بەو مانایەش رۆشنبیر پێویستە خاوەنی ویست و ئاگایی بێت و رۆڵی رەخنەگر بگێرێت.

کەواتە من کێم؟ من خۆم ناس ناکەم بۆ ئەوەی ون نەبم، من نیم/ من کێم...؟ هەموو ناسکردنێکی خود، ونبوونی خود و لە هەمان کاتدا رەتکردنەوەی خود دەگەیەنێت، لە ناسکردندا خود دەکەوێتە

ئابڵوقەدانەوە و دەخرێتە چوار دیواری زیندانەوە، ئەگەر گوتمان (ئەو کەسە ئیدوارد سەعیدە) کەواتە ناساندمان و ناسنامەکەمان دیاری کرد، بەو مانایەش بە بەندکردنی هەڵساین... ئیدوارد سەعید هەمیشە ئەو ناساندنانە ڕەتدەکاتەوە و مرۆڤ ناخاتە چوارچێوەیەکی دیاریکراو و کۆتاییئامێزەوە... لە (قاهیرە- میسر) خوێندوویەتی و زۆربەی قۆناغەکانی منداڵی خۆی لە (بەیروت- لوبنان) بەسەر بردووە، هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەمریکییە، هەموو ئەو کۆچ و نامۆبوون و نائاشناییە چارەسەری نییە، وەك چۆن هەموو ئەو زانیارییانە ناسنامەی ئەو دیاری ناکەن، چونکە وەك لە یادەوەرییەکانیدا 1999 نووسیویەتی ئەو لە "دەرەوەی شوێن" ژیاوە... لەو قسانەوە دەمەوێ بڵێم پرسیاری من کێم، پرسیاری ناسنامە، پرسیاری ئینتیما ئەوەیە مرۆڤ هەمیشە بۆ ماناکانی بوونی خۆی بگەڕێت، مرۆڤ هەوڵی خۆدۆزینەوەی بەردەوام بدات ...

بیروڕاکانی ئیدوارد سەعید لە بارەی بیرکردنەوە و ناسنامەوە بە فیکرەی پۆست مۆدێرنەوە بەندە، بەو مانایەش ڕاستە ناسنامە بە شوێنی لەدایکبوونەوە دەلکێ، بەڵام لە کۆتاییدا بە داهێنانی

خاوەنەکەیەوە دەناسرێتەوە، نەك بۆماوەیی، ناسنامە پێوەندی بە بەها مرۆییەکان و داهێنانەوە هەیە، نەك شوێنی لەدایکبوون و بۆماوەیی، ناسنامە ئینتیما نییە بۆ مێگەل، بەڵکو ئینتیمایە بۆ بەهاکانی جوانی و مرۆڤدۆستی و رۆشنبیری... پەرگیری و مێگەل و گاڕان ناتوانێ سەرچاوەی شتی نوێ و داهێنان بێت.

## مرۆڤی مۆدێرن، ڕۆشنبیری کۆزمۆپۆلیتی

نموونەی رۆشنبیری سەربەخۆ (ژان پۆڵ سارتەر 1905-1980)ە، کە وەهمەکانی ناسنامە توانای ئابلۆقەدانیان نەبووە، ئەو کەسەی لە ساڵی 1964 خەڵاتی نۆبلی رەت کردەوە، رۆشنبیری رەخنەگر ویستی گاڕان و پەڕگیری و ئاپۆرە تێدەپەڕێنێ... ئیدوارد سەعید وەك سەرچاوەیەکی مەعریفی و رەمزی ئازادی و هیومانیزم تەماشای سارتەر دەکات!

زاراوەی رۆشنبیر لەلایەك لە زاراوەی رۆشنبیرییەوە سەرچاوە دەگرێ، لەلایەکی دیکە لە فیکرەوە دێت، بەو مانایەی بیرکردنەوە بە ئەرکی خۆیان دەزانن! ئەگەر ئەو دوو پێناسەیە روویەکی رۆشنبیر دیاری بکات، ئەوە روویەکی دیکەی رۆشنبیر وەك ئیدوارد سەعید بروای پێیەتی لە

ڕەخنەگرتن و گوتنی ڕاستی و چاودێریکردنی دەسەڵات خۆی دەبینێتەوە، ڕووی دیاری ڕۆشنبیر بەرجەستەکردنی دەنگە جیاوازەکان و بەرگریکردنە لە بیروڕای جیاواز و ململانێکردنی دەسەڵات... ئیداورد سەعید کەشفیکردنی حەقیقەت وەك ئەرکە هەرە پربایەخەکەی ڕۆشنبیر سەیر دەکات، بەڵام ئەمڕۆ کەشفیکردنی حەقیقەتەکان ئەرکێکە بە باشترین شێوە ڕۆژنامە و هۆیەکانی ڕاگەیاندن دەستەبەری دەکەن، ئەمڕۆ میدیا و هۆیەکانی ڕاگەیاندن، کۆمەڵگا لە ڕووداو و هەواڵە وسبەلێکراوەکان ئاگادار دەکەنەوە و تیشك دەخەنە سەر شتە پەنهانەکان و ریسوائامێزەکانەوە, بەو مانایەش ڕۆشنبیر بە مانا تەقلیدییەکەی لە خەڵکێکی ئاسایی بەولاتر شتێکی دیکە نییە، یان ڕەنگە خەڵکی ئاسایی لەم بارەوە لە ڕۆشنبیر کەمتر نەزانن .

ئەمڕۆ ئەرکی ڕۆشنبیر داهێنانی فیکرە، یان دانانی تیۆرە بۆ کارکردن، خۆشکردنی ڕێگایە بۆ گۆڕانکارییەکان، لە هەمان کاتدا هەنگاونانە بەرەو نادیار... هەموو ئەوانەی داهێنان و بەرهەمهێنانەوەی فیکر و فەلسەفە و خوێندنەوەی ڕەخنەگرانە بە کاری خۆیان دەزانن، هەموو ئەوانەی ناکەونە نێو شوێنکاتێکی دیاریکراو و سیستمێکی

دیاریکراو و سنوورەکان و شوێنکاتەکان دەبرن و ڕێگایەك بۆ پڕۆسیسەکردنی کردە و کاریگەرییەکانیان دەسازێنن... مرۆڤی مۆدێرنن! مرۆڤی مۆدێرن وەك ئەوەی خۆی دەناسێ و ئەوی دیکەی جیاواز ناس دەکات، وەك ئەوەی بروای بە تازەگەری و هاوچەرخی خۆی هەیە، وەك ئەوەی ئەوی دیکە تەنها لەسەر بنەمای مرۆڤایەتی ناس دەکات، دەشێ بە مرۆڤی کۆزمۆپۆلیتی ناوی بەرین... مرۆڤی کۆزمۆپۆلیتی مرۆڤێکە توانای دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ ئەوی دیکەی جیاواز هەیە، مرۆڤی کۆزمۆپۆلیتی مرۆڤێکی کاریزمییە، کاریزمای مرۆڤی کۆزمۆپۆلیتی جۆرێکی دیکەیە لە کاریزما، کە لە بروابوونێکی قووڵ بە خودی خۆی و ئازادی و بروابوون بە ئەوی دیکە جیاواز هەڵقوڵاوە، مرۆڤی کۆزمۆپۆلیتی، مرۆڤێکە هەموو ڕۆژێ نوێ دەبێتەوە، نە دابونەریت و نە یادەوەری و نە کەلەپور بۆ دواوەی ڕاناکێشێ، مرۆڤی کۆزمۆپۆلیتی پێناسەیەکی دیکە بە ڕۆشنبیر دەبەخشێت، مرۆڤی کۆزمۆپۆلیتی، بە مانایەکی دیکە ڕۆشنبیرە، ڕۆشنبیرە بەو مانایەی بۆ خۆی ڕێگایەکی مرۆیانەی هەڵبژاردووە، مرۆڤێکە نە بروای بە ڕەگەزپەرستی هەیە، نە بە جێندەر، بروای بە جیاکاری سێکسی

نییە، مرۆڤێکی کراوەیە، لەگەڵ هەمووان هەڵدەکات، ژیانێکی یەکسان بۆ هەمووان دەخوازێ، ئەوەش دەشێ پێناسەیەك بێت بۆ رۆشنبیری کۆزمۆپۆلیتی...

رەخنەی ئیدوارد سەعید لە هەموو ئەو دەستەواژانەی ئەمڕۆ لە فەرهەنگی جیهانگەری پێشکەش دەکرێن، لەوانەش ناسنامە رەخنەگرتنە لە مەیلی شەری قووڵ و فەندەمینتاڵ (fundamental)و وەستان بە دژی جیاوازی... بۆ نموونە ئەمڕۆ ناسنامە زێتر مەسەلەیەکە دژبوونەوە دەخاتەوە، فیکرەی تاك ناسنامەیی دوژمنکارانە دەکەوێتە، بۆیە ئیدوارد سەعید دەڵێ من لەگەڵ فرەناسنامەییدام، فرەمیلۆدی، کۆمەڵێ دەنگی جیاوازی هارمۆنی، نەك بەرژەوەندی تاکلایەنانە، من پێویستم بە هەمووانە، زیاد لە رۆشنبیرییەك، زیاد لە مەعریفەیەك، زیاد لە ئاگاییەك، بە هەردوو مانای پۆزەتیف و نێگەتیفەکەیەوە... ئەمڕۆ هەموو ئەو ئامرازانەی بە دژی دیموکراسییەت و هەموو ئەو مانگرتنە درۆئامێزانە و بەپەراوێزکردنانە جگە لە فەرامۆشکردنی گەندەڵکاری و قەیرانی ئابووری و کۆمەڵایەتی شتێکی دیکە نین.

## ناسنامەی کۆزمۆپۆلیتی، رۆشنبیری دژەکار

ئەرکی رۆشنبیر لە بەرانبەر رەسەنایەتی و کۆنەپەرستی و باوەری جێگیر و دووبارە چەسپاندنی دابونەریت و فۆرمەلەکردنی مێژوو بە شێوەیەکی سادە... خستنەرووی ئەلتەرناتیڤێکی دیکەی گێرانەوەیە، قبوڵکردنی فرەیی و خۆشەویستی و تەماشاکردنێکی دیکەی مێژووە بە دیدێکی جیاواز... جیاواز لە یادەوەری فەرمی و باوەری جێگیر و ناسنامەی نەتەوەیی ...

تەماشاکردنی مێژوو، یادەوەری، دابونەریت، باوەری جێگیر... وەك ئاراستەکردنی ستراتیجییەتی دەسەڵات و وەك کۆڵەکەیەك لە کۆڵەکەکانی دەسەڵات... لەگەڵ هاتنی (نیتشە 1844-1900) گۆڕانی بەسەردا هات، بۆ نموونە بە کاربردنی رابردوو (هۆلۆکۆست) و تەوزیفیکردنی بە سوودی دەسەڵات، پێمان دەڵێت هۆلۆکۆست تەنها کاتێك دەسەڵات پێویستی بێت، دەیخاتە روو! بەکارهێنانی ناسنامە و بۆیەکردنی بە سیاسەت، لە بری پێدانی مۆرکێکی رۆشنبیری، پێمان دەڵێت ناسنامە لە دوژمنایەتی ئەوی دیکەوە سەرچاوە دەگرێ، لە ململانێ لەگەڵ ئەوی دیکەدا دێتە ئاراوە، بەبێ

دژبوونەوەی ئەوی دیکە، دەسەڵات بیر لە ناسنامە ناکاتەوە!

لەلایەکی دیکە بەشێکی زۆری ئەو قسەوباسە جیاوازانەی لە بارەی دادپەروەری و مافی مرۆڤ گفتوگۆی دەکەن و دەمەتەقێی لە بارەوە دەسازێنن، جگە لە دووبارە دابەشکردنەوەی بەرژەوەندییەکان و بەرگریکردن لە پابەندبوون بۆ دەسەڵات شتێکی دیکە نییە... بەڵام ئەوەی هەمیشە دەبێ دووبارە بکرێتەوە ئەوەیە، کە هیچ ئاشتییەك بێ یەکسانبوون بوونی نییە، هیچ قبوڵکردنێکی جیاوازی بێ خۆشەویستی بوونی نییە، ئەو بەها فیکرییە دەبێ رۆشنبیر هێزی پێ ببەخشێت و بیخاتە روو، بە مانایەکی دیکە ئەرکی رۆشنبیر بونیادنانی بوارێکە بۆ خۆشەویستی و پێکەوەژیان، لە بری شەڕفرۆشتن بە یەکتری... کەواتە ناسنامەی تایبەت گێرانەوەیەکی تایبەت و رازیکەری لە پشتەوەیە، ئەو گێرانەوەیەی کە تۆ دەتوانی پەروەردەی بکەیت، دەبێ بە ناسنامەی تایبەتی تۆ، بەڵام هەرگیز نابێ گێرانەوەی ئەوی دیکە فەرامۆش بکەیت، بۆ ئەوەی جەخت لە گێرانەوەی خۆت بکەیتەوە، بۆ ئەوەی گێرانەوەی خۆت خۆش بوێت، پێویستت بە یارمەتی گێرانەوەی ئەوانی دیکە هەیە، پێویستت بە

خۆشەویستی ئەوانی دیکە هەیە، ئەوەش roوویەکی دیکەی ناسنامەیە، ناسنامەی کۆزمۆپۆلیتی کە هەموو رۆشنبیرییەکی مرۆیی و جیاوازییەکانی لە خۆ دەگرێت ...

هەمیشە مەعریفە کرانەوە دروست دەکات و نەزانین داخران، هەمیشە خۆشەویستی قبوڵکردنی جیاوازییە، هەمیشە هەوڵدان بۆ مەعریفەی جیاواز گۆڕان دروست دەکات و پەرگیری وەستان... توانای مرۆڤ بێ سنوورە، مرۆڤ بوونەوەرێکی نەگۆڕ نییە و بەردەوام لە گۆڕاندایە، مادام ئێمە بە دوای مرۆڤایەتی و خۆشەویستی و ئازادییەوەین، بۆ دەبێ ناسنامە بکەینە هۆکاری دژبەیەکبوونمان، رقلەیەکبوونمان، بۆ دەبێ ناسنامە بکەینە پەردەی لێکجیابوونەوەمان، بۆ دەبێ لەسەر باوەر بەگژ یەکدا بچینەوە، بۆ خۆمان بە باوەرێکەوە دەبەستینەوە؟ بۆ خۆمان لە کونجی ناسنامەیەکەوە گۆشەگیر دەکەین؟ بۆ ئازادی و خۆشەویستی و پێوەندی خۆمان بۆ دنیا بەیان ناکەین...

هەولێر 2017/8/20

## بەختیار عەلی

## ناسنامە لە نێوان یەکێتی سیاسی و یەکێتی نەتەوەییدا

قسەیەکی جوانی (نەسر حامد ئەبوزێد) لە بارەی ناسنامەوە هەیە، دەڵێت: ئەگەر ناسنامە وەك پێدراوێکی کۆنکریت و نەگۆر دابنێین، ئەوە ژەهرێکی کوشندەیە.. ئەو قسەیەی ئەبوزێد بەتایبەتی لە خۆرهەڵاتی ناوەراستدا ئایدیۆلۆجیای ناسیونالیزممان بیر دەخاتەوە، بە مانایەکی دیکە ئەو قسەیە لە لایەك ناسنامە وەك ئایدیۆلۆجیا وەردەگرێت، لەلایەکی دیکە ناسنامە و ناسیونالیزم لە پیرۆزی و ناوازەیدا دەبینێتەوە، هەموو لەیەکنزیکردنەوەیەکی ناسنامە و ناسیونالیزمیش دیدێکی دۆگمایانە بە ناسنامە دەبەخشێت، چونکە خودی ناسیونالیزم لە خۆرهەڵاتی ناوەراستدا جگە لە داکۆکیکردنێکی ناوازە، جگە لە پرنسیپێکی سیاسی پیرۆز شتێکی دیکە نییە! دەمەوێ بڵێم ئەوە داکۆکیکردنی ناوازەی ناسیونالیزمە پێی وایە دەبێ یەکێتییەکی سیاسی و نەتەوەیی بەیەکەوە بگونجێنین، واتا دەبێ یەکێتی سیاسی لەسەر

یەکێتی نەتەوەیی دامەزرا بێت، ئەوانەی لەنێو یەك چوارچێوەی سیاسیدا دەژین، دەبێ بوونی نەتەوەیەك کۆیان بکاتەوە، دەبێ پیرۆزی نەتەوەیی یەکیان بخات، بەو مانایەش دەبێ ناسنامەیەکی پتەو و نەگۆڕیان هەبێت، ئەوەش جاردانی مەرگی ناسنامە و دابرانی ناسنامەیە لە گەشەکردن و پێکەوەژیان و کرانەوە و بەرەوپێشچوون، دروستکردنی پێوەندی لەگەڵ ئەوی دیکەدا.

(بەختیار عەلی محەمەد) ساڵی 1960 لە شاری سلێمانی گەڕەکی (ئیبراهیم پاشا) لەدایك بووە، قۆناغی سەرەتایی لە قوتابخانەی (شێخ سەلام) خوێندووە، دواتر ناوەندی ئەزمر و دواناوەندی هەڵکەوتی هەر لە سلێمانی تەواو کردووە، لە زانکۆی سلێمانی چۆتە بەشی (جیۆلۆجی- زەویناسی) و کاتێك زانکۆی سلێمانی گوازراوەتەوە بۆ شاری هەولێر ئەویش لە هەولێر درێژە بە خوێندن دەدات، لە سەرەتای هەشتاکاندا لە خۆپێشاندانی قوتابیاندا بەشدار دەبێت و بریندار دەبێت و بۆ ماوەیەك دەکەوێتە زیندانی بەعسیانەوە، پاش دەرچوونی لە زیندان بە یەکجاری واز لە زانکۆ دەهێنێ و هەر لەو کاتەدا چامەی (نیشتمان) بڵاو دەکاتەوە، لە ساڵی 1985 ڕوو لە چیاکانی سەر سنوور و کوردستانی

ئێران دەکات، لە گەرمەی شەری خوێناوی عیراق و ئێران دەستنووسی یەکەمین رۆمانی بە ناوی (مەرگی تاقانەی دووەم) ئامادە دەکات و وەك دەستنووس دەمێنێتەوە و پاشان لە دوای راپەرینی ساڵی 1991 بە چاپی دەگەیەنێت... لە ساڵی 1994 روو لە دیمەشق- سوریا دەکات و دوای نۆ مانگ لە مانەوەی لەوێ دەچێتە ئەڵمانیا تا ساڵی 1999 لە شاری فرانکفۆرت دەمێنێتەوە، پاشان بۆ شاری کۆڵن دەگوازێتەوە... نووسەر وەك بیرورِا دژ بە ئایدیۆلۆجیای تۆتۆلیتار و بیرتەسکی ئەدەبی و سیاسی و فەلسەفی وەستاوە، برەو بە بیری عەلمانی ئازاد و چەمکی جیاوازی و دیموکراسی دەدا. نزیکەی (30) کتێبی لە شیعر و رۆمان و لێکۆڵینەوە چاپ و بلاّو کردۆتەوە، بەرهەمەکانی بۆ سەر زمانی فارسی، عەرەبی، تورکی، ئینگلیزی، سویدی، ئەڵمانی و ئیتاڵی تەرجەمە کراون، لە سایەی وەرگێرانی رۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا) بۆ زمانی ئەڵمانی لە 2017/12/10 خەلاّتی (نیلی زاکس)ی لە شاری (دۆرتمۆند) پێ بەخشراوە .

(بەختیار عەلی) یەکێکە لەو نووسەر و رەخنەگرانەی دنیا، کە بە شێوەیەکی مۆدێرن دژ بە

بیرتەسکی ئایدیۆلۆجی و فەلسەفی قسان دەکات، بۆیە لە پێناسەی ناسنامەی کوردیدا ئەو یەکیەتییە سیاسییەی باسمان کرد و ئەو بنبەستبوونە دەخاتە بەر بەدواداچوون و رەخنەی فیکرییەوە... بێگومان لە قسەکردن لە بارەی ناسنامە و چەمکی ناسنامەی ناسیونالیزمی ئایینی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نابێ ئەو یەکێتییە سیاسییەی نێوان ئایدیۆلۆجیای ناسیونالیزم و ناسنامە لەبیر بکەین، چونکە گرنگترین شت بۆ سیستمی سیاسی رۆژهەڵاتی ئەوەیە، کە کۆمەڵگا خانەخانە بکات، پرۆسەی خانەخانەکردنی کۆمەڵگا جگە لە تێکەڵکردنی ناسنامە و ناسیونالیزم، شتێکی دیکە نییە، بە دیوەکەی دیکەش هەمیشە ئایدیۆلۆجیای سیاسی و ناسیونالیزمی ئایینی لە رۆژهەڵاتی ناوەراستدا تاکەکانی کۆمەڵگا دەخاتە نێو ئەو خانانەی بۆی ئامادە کردووە، هەر بەو شێوەیەش لە کایەی ئایدیۆلۆجیای سیاسی و ناسیونالیزمی کوردیدا هەوڵی ناساندنی تاکەکانی کۆمەڵگا دەدرێت و ناسنامەیەکی دیاریکراویان پێ دەبەخشرێت! بەڵام مرۆڤ نابێ لە کایەی سیاسییدا بۆ ناسنامەی خۆی بگەرێت، بەڵکو وەك بەختیار عەلی لە کتێبی (جوانییەکانی نارێکی، ل126، 147،212)دا

دەڵێت: مرۆڤ دەبێ لە مێژوو و ئایین و سیاسەتدا بۆ ماناکانی بوونی خۆی بگەرێت. چونکە کێشەی مرۆڤ لە دیدی بەختیار عەلیدا بە پلەی یەکەم وەك چۆن (عەلی حەرب) دەڵێت، لەگەڵ خۆیدایە، کەسێك نەتوانێ خۆی دروست بکات، کەسێك نەتوانێ خۆی ئازاد بکات، ناتوانێ لە ئازادکردنی کەسانی دیکەدا یان لە گۆرینی واقیع و بونیادنانی کۆمەڵگادا بەشداری هەبێت... لە کتێبی جوانییەکانی نارێکیدا پێی وایە مێژووی ئێمەی کورد مێژووی توانەوەی خودە لە ئەوی دیدا، مێژووی تێرامانی خودە لە ئەوانی دیدا، گەر چاوێك هەبێت ئێمە لە رێگایەوە سەیری خۆمان بکەین، ئەو چاوەیە، کە لە ئەوانی دیکە قەرزکراوە ...

خۆرهەڵات لە مێژوو بەدەرە، ئەو قسەیە بەو مانایەیە، کە سیاسەت لە خۆرهەڵاتدا ئەو کەرەسە و رێگرەیە کە ناهێلێ مێژوو دەست پێ بکات. سیاسەت هەرگیز لە خۆرهەڵات ئەوە نەبووە، کە بانگدەرانی جاری بۆ دەدەن، سیاسەت بەوە شکاوەتەوە کە مرۆڤەکان لە جوغزی ناسنامەیەکی تەسکدا، لە جوغزی شەرێکی دوورودرێژی مان و نەماندا قەتیس بکات ...

له کتێبی (له دیارەوە بۆ نادیار)دا دەڵێت: کاتێك کلتووری کوردی، پرسیارە جەوهەرییەکانی له فیکردا دەکوژێت، ناتوانێ له سیاسەتدا بەدەستی بهێنێتەوە. وەك دەبینین پرسیاری جەوهەری بزوتنەوەی ناسیونالیزمی کوردی له فیکردا ونه، وەك چۆن پرسیاری تاکی کوردی له ناسنامەدا نادیارە! ناسیونالیزمی کوردی هەرگیز بیری له پرسیاری جەوهەری نەکردۆتەوە، وەك چۆن تاکی کوردی بیری له جیاوازی و مرۆڤایەتیبوونی ناسنامە نەکردۆتەوە، هەرگیز ناسیونالیزمی کوردی پرسیاری خۆی له خەونی گەورەدا نابینێتەوە، وەك چۆن تاکی کوردی تایبەتمەندی ناسنامە بە هەند نازانێت... ناسیونالیزمی کوردی بەدرێژایی مێژوو دراسەکردنی خەونی گەورەی بە ئەرکی خۆی نەزانیووە، بەدرێژایی دەیان ساڵی مێژوو مرۆڤی کوردی بۆ خەونی گەورە ئامادە نەکردووە... بەڵکو پشتی بە فاکتەرە غەیبی و خورافییەکانەوە بەستووە، هێزی ناسیونالیزمی کوردی له بری ئەوەی ئومێدی خۆی لەسەر ئەرزی واقیع بونیاد بنێت، له بری ئەوەی ئومێدی راستەقینە بە تاکی کوردی ببەخشێت، خورافەتبازی کردۆتە پیشە، له بری ئەوەی ترسی له واقیع هەبێت، ترسی لەسەر خورافەت بونیاد ناوە...

ناسیونالیزمی کوردی بە هەموو تەمەنی خۆی دروستکردنی دەوڵەتی کوردی فەرامۆش کردووە، بە هەموو مێژووی خۆی بە هیچ جۆرێك نە لە رووی دەروونی و نە لە رووی فیکری و سیاسی و عەقڵییەوە تاکی کوردی بۆ دروستکردنی دەوڵەت ئامادە نەکردووە، وەك چۆن نە جیهان، نە دەوروبەری، خۆی بۆ رووداوێکی لەو جۆرە ئامادە نەکردووە .

کۆی ئەو قسانە بۆ ئەوە نییە، وێنەی ناسیونالیزمی کوردی بە قەڵەمێکی رەش بکێشم، بەڵکو بۆ ئەوەیە رەنگەکانی ناسنامە وەك چەمکێکی نزیك لە چەمکی ناسیونالیزم لە دیدی بەختیار عەلی دیاری بکەم... بەڵام هەرگیز من لەگەڵ ئەو خەڵکانە دژ نایەمەوە، کە لە یەك شوێن و زێددا لەدایك بوون، بەڵکو لەگەڵ ئەو بیرکردنەوەیە ناگونجێم کە ناسنامە لە ناسیونالیزمی کوردی دەگرێ، ناسیونالیزم وەك کۆنکریت و نەگۆر سەیر دەکات، نەك وەك راپرسییەکی رۆژانە !

بەڵام ناسنامە لە دیدی بەختیار عەلی نزیکە لە تەماشاکردنی نەتەوە وەك راپرسییەکی رۆژانە، نزیکە لە بوونی تاکەکانی کۆمەڵگا لە داکۆکیکردنی هەتاهەتایی لە ژیان، بەو مانایەش ئەوە تاکە کەسە

ڕۆژانە هەڵوێستی خۆی بەرانبەر نەتەوە دیاری دەکات، ئەوە تاکە کەسە ڕۆژانە دیدی خۆی بۆ ناسیونالیزم، ناسنامە... نویێ دەکاتەوە. وەك دەرکەوتووە چەمکی ناسنامە چ وەك چەمکێکی سێنترال و چ وەك چەمکێکی ئایدیال، ترسناکترین چەمکە کە بشێ هەردوو ڕۆڵی پۆزەتیف و نێگەتیف پراکتیزە بکات. دوێنێ ڕۆڵی کاریگەری لە هوشیارکردنەوەی گەلان و پراکتیزەکردنی خود دەگێرا! ئەمڕۆ بەردەوام لە کێشە و ململانێ و وێرانکردنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکاندا تۆخ دەکرێتەوە ...

بەختیار عەلی لە کتێبی (چێژی مەرگدۆستی، ناوەندی ڕۆشنبیری و هونەری ئەندێشە- سلێمانی، ل 80) ئەوەمان بیر دەخاتەوە، کە هەمیشە گەلانی دەستڕۆیشتوو، هەمیشە دەسەڵاتی داگیرکار وێنەیەك بۆ خۆی دەکێشێ (یان بە مانایەکی دیکە ڕوویەکی ناسنامەی خۆی پێشان دەدا) کە دواتر کەسانی بندەست دەبنە کۆیلەی ئەو وێنەیە و کۆیلەی ئەو ڕووە لە ناسنامە، کۆی پەرچەکردارەکانیشیان دەبێتە وەڵامێك بۆ ئەو وێنەیە، خەڵکانی بندەست لە بەر ڕۆشنایی ئەو وێنەیە چاوەڕوانییەکی تایبەت پەروەردە دەکەن! هەر لەو کتێبەدا نموونەیەکی زۆر

جوان دەهێنێتەوە، نموونەی داگیرکاری دەسەڵاتی بەعس، نموونەیەك کە بەمرۆش رادەگات، ئەویش ئەوەیە کە دەڵێ لە سایەی حیزبی بەعس هەموو شێوەکانی دەسەڵات هەیبەتی خۆیان و ئاراستە و مانای خۆیان لەدەست دەدەن و دەبنە پاشکۆی دەسەڵاتی بەعس. لەو نموونەیەدا باشترین پرۆفیسۆر ئەوە نییە، کە باش بیر دەکاتەوە، بەڵکو ئەوەیە باشتر بۆتە بەعسی... ئەگەر بمانەوێت ئەمرۆی پێ پێوانە بکەین، هیچ بیرکردنەوەیەکی قووڵی ناوێت، زۆر روونە دەیەوێت بڵێت، ئەوە ناسنامەی بەعسییانەیە بەپێی فاکتە ناوەکی و بیرکردنەوە و هەست و ئارەزوو و دنیابینییەکانی گوزارشت لە خۆی دەکات، ئەوە دەسەڵاتی رەهای بەعسییەتە بەپێی کاریگەرە دەرەکی و گۆڕانکارە کۆمەڵایەتییەکانی خۆی دەنوێنێ.

خۆبەستنەوەی کوردی بە وێنەی بەعسەوە، تەماهیبوون بە ناسنامەی ناسیونالیزمی ئایینی بەعس و دەسەڵاتی رەهای بەعسییەتەوە، جگە لەوەی گوزارشت لە کۆمەڵێ کارەساتی مرۆیی دەکات، جگە لەوەی بێنرخکردنی مرۆڤی لێ دەبێتەوە، جگە لەوەی دەلالەت لە شۆڤێنییەت دەکات، جگە لەوەی ستەم و زۆرداری و ملهوری دەنوێنێ...

هەڵگری باوەڕێکیشە کە پێیوایە حەقیقەتی ڕەها تەنها لای ئەوە، ئەو نوێنەری ڕاستی و باشترینە... بەڵام ئەو بیرکردنەوەیە جگە لە توندوتیژی و دواکەوتن و هەژاری، جگە لە تاکناسنامەیی و ڕەسەنایەتی بێ بنەما هیچی دیکە نییە! ئەمڕۆ دنیا، دنیای بیروڕای جیاواز و فرەکلتووری و فرەناسنامە و کرانەوە و ڕەنگاورەنگییە، دنیای داهێنان و ئازادی و تێپەڕاندن و بونیادنانەوەیە، نەك بنبەستبوون و توندوتیژی و تەنگژەسازی و نەگونجان! کەواتە ئێمەی کورد لە بەردەم دروستکردن و پێکهێنان و هاوگونجانین، لە بەردەم قبوڵکردنی جیاوازیداین...

## ناسنامە

## پاڵەوانی ئازادی/ پاڵەوانی مەعریفی

سەردەمی مۆدێرنە، سەردەمی زانستی کە بە کلیلی شۆڕشی پیشەسازی دادەنرێ، سەردەمی زانیارییەکان و کۆمینیکەیشن و سەردەمی پۆست مۆدێرنە، سەردەمی پۆست پیشەسازی و پۆست ئایدیۆلۆجیا، پۆست بونیادگەری و پۆست هەڵوەشانەوەگەری... سەردەمی دژەکان و مەرگی حیکایەتە گەورەکان ...

لە سەردەمی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنەدا، لە سەردەمی کۆتایی و بێکۆتاییدا، بە گشتی دوو جۆر مرۆڤ و دوو جۆر دنیابینی دەبینین، دنیابینی مەعریفەی حیکایی و دنیابینی مەعریفەی زانستی، مرۆڤی رۆبۆتی ئایدیۆلۆجیا و مرۆڤی پۆست ئایدیۆلۆجیا! رۆبۆتی ئایدیۆلۆجیا دروستکەری بەها کۆمەڵایەتییەکانە، بەڵام مرۆڤی پۆست ئایدیۆلۆجیا کەوتۆتە سەر بروایەك ئەویش ئەوەیە کە هەموو شتێك بێهودە و بێواتا و پووچە، لە زۆر وڵاتانی پێشکەوتوودا ئەو بروایە هەنگاو بەرەو یەقینی رەها دەنێت، ئەو یەقینە رووتەش هەر تەنها پێوەندی بە مرۆڤی پۆست ئایدیۆلۆجیاوە نییە، وەك کامۆ دەڵێ

پێوەندی بە جیهانیشەوە هەیە، یان راستتر بڵێین پێوەندی بە دنیابینی نەهلیزمەوە هەیە، واتا پووچی بۆتە نێوانکاری مرۆڤ و جیهان! مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە! دنیابینی حیکایی و زانستی! عەقڵ و زانست...

عەقڵ لەگەڵ زانست هاوگونجاو نایەتەوە, عەقڵ لە توانایدا نییە، بەشداری لە گەشەکردنیدا بکات, بۆیە ئەوانەی کە بە زانست سەرسامن پێویستە لە نێوان عەقڵ و زانست، لە نێوان دنیابینی حیکایی و زانستی... پارێزگاری لە یەکێکیان بکەن, بە گشتی رۆبۆتی ئایدیۆلۆجیا بە لای عەقڵدا دەشکێتەوە، غەرقی حیکایەتەکان و پیرۆزییەکانە، بەڵام مرۆڤی پۆست ئایدیۆلۆجیا روو لە زانستە و هەنگاو بەرەو چەندان مەیلی جیاواز و چەندان فۆڕمی جیاوازی ژیان و کەشفیکردن دەنێت، لەوانە مەیلی سەرکێشی و یاخیبوونی رێبازە فیکرییەکان لە شێوەی دژبوونەوەدا دژی سایکۆلۆژیا، هیومانیزم، ئۆدیب، شیعر، رۆمان...، مەیلی تێپەراندن لە فۆڕمی مەرگی حیکایەتە گەورەکان ...

بەشێك لە مرۆڤی پۆست ئایدیۆلۆجیا لە پێناو ئازادی، خۆی لە سێنتەری عەقڵ و هەموو بەها پیرۆزەکان و پاڵەوانێتییەکان دادەماڵێ، پەنا بۆ

ئەلکحول و ماددەی هۆشبەر و گەشتکردن و...
دەبات، ئەو هەڵاتنە بە ڕێبازی ڕزگاری) تیمۆتی لیری (Timothy Leary)ناسراوە! بەشێك پەنا دەبەنە بەر سێکس وەك (ولیام ڕایش) لە تێزەکەی خۆیدا ستایشی کردووە، واتا تێکەڵکردنی سێکس و سیاسەت، تەماشاکردنی شۆڕش وەك ڕەهابوونی سێکسی، واتا وەك چۆن گەیشتن بە ئۆرگازم مرۆڤ لە زیندانی جەستە ئازاد دەکات، بە هەمان شێوەش شۆڕش بە حوکمی ڕەحەتبوونی بە کۆمەڵی دەبێتە سەرهەڵدانی کەسایەتییەکی کۆمەڵایەتی لە سەرووی مەبەستە تاکەکەسییەکانەوە، بەو مانایەش ڕایش ئازادی سێکسی بە سەرەتای ڕووخاندنی جیهانی سەرمایەداری دەزانێت...

مرۆڤی پۆست ئایدیۆلۆجیا دەست بۆ هەموو بۆشاییەکان و هەموو فۆڕمەکانی ژیان و کەشفنەکراوەکان دەبات، خەریکی دەستپەری نێرگزیانەیە، گەمە بەو زبڵانە دەکات، کە خستوویەتە لاوە، دەست دەداتە تاوان بۆ ئەوەی لەو زیندانە رابکات، کە خۆی دروستی کردووە، ڕزگاری خۆی لە تەقاندنەوەی هەوەسەکانیدا دەدۆزێتەوە... بە گشتی لای مرۆڤی پۆست ئایدیۆلۆجیا بەرهەمی ناسنامە و ڕەهەندە جیاوازەکانی ناسنامە هیچ بەها

و بایەخێکی نییە، گەشەسەندن و پێکەوەژیان و کرانەوە دەبنە کۆمەڵێ چەمکی بەسەرچوو، کەواتە هەموو ناسکردنێکی خود، رەتکردنەوەی خود و ونبوونی خود و ئابڵوقەدانی خودی لێ دەکەوێتەوە و خود دەخاتە چوارچێوەیەکی دیاریکراوەوە! مرۆڤی پۆست ئایدیۆلۆجیا وەك چۆن ئابڵوقەدان رەت دەکاتەوە، لە هەمان کاتدا بۆ بەها پیرۆزەکان ناگەڕێنەوە، مرۆڤی پۆست ئایدیۆلۆجیا هەر تەنها پرۆسیسەی جۆرێك لە تێپەڕاندن و ئازادی و دژبوونەوە و پووچگەرایی ناکات، هەر تەنها ستایشی مەرگی حیکایەتە گەورەکان و مەرگی بەهاکانی ناسنامە ناکات، هەر تەنها کلتوور بە زبڵ دانانێت، بەڵکو وەك هایدگەر پێی وایە ئەو ستایشی مێژووی شاردنەوەی حەقیقەتی بوونیش دەکات، یان بە دەربرینێکی دیکە فەرامۆشکردنی بوون و بەرجەستەکردنی نەهلیزمە.

بێگومان جیاوازییەکی ئاشکرا لە نێوان رۆبۆتی ئایدیۆلۆجیا و مرۆڤی پۆست ئایدیۆلۆجیا هەیە، وەك چۆن جیاوازییەکی روون لە نێوان مەعریفەی زانستی و مەعریفە حیکایی هەیە، جیاوازییەکی دیار لە نێوان (پاڵەوانی ئازادی) وەك دروستکەری بەها کۆمەڵایەتییەکان، لە حیکایەتی شۆڕشی فرەنسی و

(پاڵەوانی مەعریفە) وەك ڕێکخەری مەعریفە لە ناوکۆییەك کە خۆی لە بەهاکانی کۆمەڵگا و دەوڵەت بەرزتر دەزانێت، لە شۆڕشی ئەڵمانیدا هەیە! لێرەدا پرسیارکردن لە ناسنامە دەکەوێتە کوێ؟ بە دیوەکەی دیکە ئایا پرسیارکردن لە ناسنامە پرسیارکردن نییە لە مرۆڤ، لە مەعریفە، لە دنیابینی؟

قسەکردن لە مەعریفەی گێڕانەوە قسەکردنە لە ژیان و بیستن و بەکارهێنانی شتەکان و پێوانەی چالاکییەکان و دادپەروەری و خۆشبەختی و دەنگ و ڕەنگ و ... مەعریفەی گێڕانەوە چەمکێکی بەرفرەوانە و مۆرگێکی نەتەوەیی و لۆکاڵی هەیە! بەڵام مەعریفەی زانستی لەسەر سەلماندن ڕاست دەبێتەوە، دیالۆگ لەسەر سەلماندن بە ڕەوا دەزانێت، هەرگیز مەعریفەی زانستی ناکەوێتە سەلماندنی دژ بە یەکەوە، وشەی (گریمانە) لە زانستدا کە دەلالەت لە هێزی وشەکە دەکات، بەو مانایە دێت، کە زانست دەتوانێ بەپێی ئەو گریمانەیە ئاکامەکان جێگیر بکات، زمانی زانست وەك لیوتار لە کتێبی (بارودۆخی دوای تازەگەری)دا دەڵێت زمانی ئاماژەیە (ئاماژە بە شتەکان دەکات) لە زمانی ئاڵۆزەوە دوورە (کە ئاماژە بە ڕێسا و پێوانە

و هەڵسەنگاندن دەکات)... کەواتە پاڵەوانی ئازادی بە پێچەوانەی پاڵەوانی مەعریفەوە لەسەر لۆجیکی گێرانەوە وەستاوە، لۆجیکی گێرانەوە لەسەر کۆکردنەوەی دەستەواژەکان و ئاماژەکان و دەستەواژە ئاڵۆزەکان و ... کار دەکات، مەعریفەی زانستی پێویستی بە ئازادی و بوێری هەیە، پێویستی بە پاڵەوانی ئازادی نییە، مەعریفەی زانستی مۆرگی نەتەوەیی لەخۆدا هەڵنەگرتووە، زانست سەلماندنی دەوێت .

مەعریفەی حیکایی رابردوو لە پێناو دووبارە شیکردنەوە ناخاتە روو، بەڵکو پیرۆزی پێ دەبەخشێ و دەیخاتە سەرووی زەمەنەوە، بۆ نموونە ئەفسانەکان... پاڵەوانی ئازادی تەنها خۆی بە رەوا دەزانێت، هەرگیز نابێتە سەرچاوەی رەوایەتی... ژان فرانسۆ لیوتار هەر لەو کتێبەدا دەڵێ هەر بەو هۆیەوە گێرانەوەکان لێبوردەیی دەنوێنن و تاکەکان بە یەکەوە کۆ دەکەنەوە. بەڵام مەعریفەی زانستی بە پێچەوانەوە، چێژ لە ئاستێکی دیاریکراوی مەعریفە وەردەگرێت، پاڵەوانی مەعریفی قبوڵکردن و رەتکردنەوە بە رەوا دەبینێت، جگە لەوە مەعریفەی زانستی خاوەن مێژووە و دەکەوێتە نێو زەمەنەوە، بۆیە تیۆری نوێی زانستی لەسەر بەتاڵکردنەوەی

کۆن ڕاست دەبێتەوە... پاڵەوانی مەعریفی پێچەوانەی پاڵەوانی ئازادی دەکەوێتە دەرەوەی کۆمەڵگا و ناسنامەوە، چونکە ئەفسانە دروست ناکات، بەڵکو لە لێکۆڵینەوەی عەقڵی زانستی ئەبستراکتدا دەمێنێتەوە.

لەسەر بنەمای ئەو هەموو جیاوازییانەی کە لە نێوان لۆجیکی حیکایەت و لۆجیکی زانستدا هەیە، زانست ڕەخنە لە گێڕانەوە دەگرێت و خەسڵەتی ڕەوایەتی لە گێڕانەوەدا بە سەرچاوەیەك لە سەرچاوەکانی لەدایکبوونی ئیمپراتۆرییەت لەقەڵەم دەدات. بەڵام لەگەڵ ئەو هەموو ڕەخنانەشدا کەچی لە زەمەنێك لە زەمەنەکاندا پشتی زۆری پێ دەبەست! لیوتار ئەو پشتپێبەستنە لە دوو زەمەنی گێڕانەوەدا سادە دەکاتەوە: زەمەنی حیکایەتی شۆڕشی فرەنسی کە لە بارەی گەلەوە دەدوێ و پاڵەوانی ئازادی بەرجەستە کرد و لە پێناو پێشکەوتن و لە پێناو هێنانە دی ئامانجەکانی کۆمەڵێك پێوانەی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵێ یاسا و ڕێسای دیاریکراوی لە ڕێگای دەستاودەستکردن و گفتوگۆوە بەدەست هێنا، لە بەرانبەریشیدا مەعریفەی زانستی دەستەوەستان نەبوو، ڕەخنەکانی وەلاناو زانستی پێشکەش بەو گەلە کرد

و گەلیش لە پێناو مافەکانی خۆی پشتی بە زانست بەست، بۆ ئەوەی لە رووی مەعریفەی زانستییەوە مافەکانی خۆی بەدەست بهێنێ... زەمەنی حیکایەتی دووەم حیکایەتی ئەڵمانیایە، حیکایەتی پاڵەوانی مەعریفەیە، ئەو پاڵەوانە زانستی لە ناوکۆییەکدا رێکخست، زانستی لە نموونەیەکی ئاکاری کە دەکەوتە سەرووی دەوڵەت و نەتەوەوە بەرجەستە کرد! لێرەدا مەعریفەی زانستی وەك مەعریفەی لێوردبوونەوە خۆی دەنوێنێ و دەکەوێتە سەرووی گەل و سەرووی زاناکانەوە! لیوتار پێی وایە ئەو شێوەیە لە مەعریفەی زانستی مۆرگێکی هیگلیانەی لە خۆدا هەڵگرتووە. بەڵام بە گشتی لە هەردوو حیکایەتدا زاست پشت بە دەوڵەت دەبەستێت، چ دەوڵەتێك کە نوێنەرایەتی گەل دەکات، وەك لە حیکایەتی فرەنسی بەرچاو دەکەوێت، یان ئەو دەوڵەتەی کە نوێنەرایەتی رۆح دەکات وەك لە حیکایەتی ئەڵمانیدا دەبینرێت.

زانست لەگەڵ بەرەوپێشچوونە یەك لە دوا یەکەکانیدا چەندان رێسای زانستی بەسەر خۆیدا چەسپاند و خۆی لەو زەمەن و فەلسەفانە جیا کردەوە، کە رەوایەتییان پێدەبەخشی، ئینجا دوای دیاریکردنی سنوورەکانی و لە دوای وەرگرتنی

تایبەتمەندێتی و چوونە ناو دامەزراوەکانی زانکۆ و پەیمانگاکانەوە، خۆی لە گشتگیری هیگڵی جیا کردەوە، بەڵام وەك پێوەندی بە حیکایەتەکانی رۆشنگەری، دەبینین هیچ پێوەندییەکی ئاشکرا لە نێوان راستی زانستی و توێکاری دروستیدا نییە، بەڵام دەشێ لەسەر حەقیقەتی زانستی چەندان هەڵبژاردەی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆر و هەتا ناکۆکیش بونیاد بنرێت، بێ ئەوەی زانست بتوانێ ئەو ناکۆکییانە یەکلا بکاتەوە. بەم جۆرە زاناکان بوونە بەندەی تایبەتمەندییەکانی خۆیان و خودی خۆیان بونیاد نا و زانست پەلوپۆی زۆری لێبۆوە و زمانی زانستیان بە شێوەیەکی تایبەتی بەکار هێنا.

زانست لە کۆمەڵگا دابراو نییە، بەڵکو پێویستی بە رەوایەتی کۆمەڵایەتی هەیە. زانست پێویستی بە میدیا هەیە، پێویستی بە شانۆی ژیان هەیە، پێویستی بە دەنگ و دەنگدانەوە هەیە... بەڵام زانست بەپێی بەرەوپێشچوونەکانی بەرە بەرە بنەما حیکاییە کۆنەکانی فەرامۆش کرد، ئەو بنەمایانەی لە زەمەنێك لە زەمەنکاندا رەوایەتی پێ دەبەخشی، لەو ماوەیەدا پرسیاری رەوایەتی بووە پرسیارێکی ناوەکی خودی زانست و بووە بەشێکی جیانەکراوەی خودی زانست.

پرسیاری من ئەوەیە ئایا لەگەڵ کاڵبوونەوەی بنەما حیکاییەکان پێوەندی نێوان مرۆڤ ناسنامە، کلتوور و ناسنامە، سیاسەت و ناسنامە... خۆی نوێ دەکاتەوە، یان ئەو پرسیارە جەوهەرییە دەکەوێتە کوێی پێوەندییەکانی تەکنۆلۆجیا و زانست، یان کردەیی و ناکردەیی... بێگومان تەکنۆلۆجیا وێرای بەرەوپێشچوونە زانستییەکان پێوەندی خۆی لەگەڵ بەرهەمە زانستییەکان پتەوتر دەکات، هێزی زانستی وەك بنەمای دەسەڵات و سەرمایە و پێویستییەکانی ئازادی هەنگاو بەرەو داهاتوو دەهاوێژێت، سەربەخۆیی زانستی حکایەتی ئازادی سەرەوژێر کرد، ئەگەرچی تا دوێنێ بۆ ئازادی خۆی رەوایەتی لەو حکایەتانەوە وەردەگرت... بەڵام ئەمڕۆ ئازادییەك بە ناوی پێویستییەکانی زانستی هاتۆتە دنیاوە.

بەم جۆرە کەوتنی حیکایەتە گەورەکان و هاتنە ناوەوەی زانست و بەرەوپێشچوونی لە بوارە جیاوازەکاندا و هەژموونی تەکنۆلۆجیا.... هەموو ئەوانە بەشێکی زۆر لە پرسیاری ناسنامە کاڵ دەکەنەوە، ئێستا پرسیاری رەوایەتی شانبەشانی تەکنۆلۆجیا و پێشکەوتنە زانستییەکان هەنگاو دەنێت، ئازادی وەك داواکاری زانست و لە پێناو

زانست و تەکنۆلۆجیادا خۆی نمایان دەکات، کردنەوەی دەرگاکانی تەکنۆلۆجیا و کۆگای زانیارییەکان بۆ هەمووانە، بێ ئەوەی بیر لە ناسنامە بکاتەوە، ئەمڕۆ دنیا بەرەو پشتکردن لە ناسنامە هەنگاو دەنێ و لە پێناو (ئازادی/ زانست/ تەکنۆلۆجیا) تێدەکۆشێ.

هەولێر 2018/6/15

## ناوەرۆك

ناسنامە، تواناكانی بوونی مرۆڤ......... 5
پرسی ناسنامە........................... 15
مەریوان وریا قانع، ناسنامەی نەتەوەیی..23
جۆدیس بتلەر، ناسنامە و خود...........38
داریوشی شایگان، رووەكانی ناسنامە... 48
ئیدگار مۆران، ناسنامەی ئاوێتە......... 59
ئەمین مەعلوف، بە جیهانیبوون و ........69
ئیدوارد سەعید، ئیشكالیەتی ناسنامە....83
بەختیار عەلی، ناسنامە لە نێوان.........95
ناسنامە، پاڵەوانی ئازادی............. 105